گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper31
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٤/٠١/٠٢
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# ڕۆڵ و پشکداری هەزبانییەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا (648-923ک/ 1250-1517ز)
## سەردەمی مەمالیکی دەریایی و چەرکەسییەکان
## لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی شیکارییە

**د. حسین عبدالرحمن حسین**
Hussen@uor.edu.krd
بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان ، عێراق.

### پوختە

هەزبانییەکان وەک هۆزێکی گەورەی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست، پشکدارییان لە بنیاتنانی دەسەڵات و بەڕێوەبردندا کردوە، تەنانەت توانیویانە میرنشینی سەربەخۆ، لە چوارچێوەی خانەی ئیسلامی دابمەزرێنن، وەلێ بەمەوە نەوەستاون، هەزاران کیلۆمەتریان بڕیوە، ڕویان لە وڵاتانی شام و میسر کردوە، لەوێ لە دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکاندا، بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی وڵات لەلایەک و گەشەپێدانی زانستەکان لەلایەکی دیکەدا کردوە، لەو سۆنگەیەوە دیڤچون و گەنگەشەی پشکدارییان لە ڕۆژگاری دەوڵەتی مەمالیکی دەریایی و چەرکەسییەکاندا کردوە.
توێژینەوەکە لە دەروازە و دو تەوەری سەرەکی پێکهاتوە: لە دەروازەدا دیڤچون و گەنگەشەی ناوی هەزبانی و شوێنی جوگرافی و گوزەرێک بەنێو مێژوی سیاسی هەزبانییەکان بەگشتی کراوە، چونکە یەکەم ڕابونی سیاسی و سەربازی خۆیان لە کوردستان دەستپێکرد. لە تەوەری یەکەمدا ڕۆڵ و پێگەی هەزبانییەکان لە کایەی کارگێڕی و زانستی و بواری ئەدەبی، لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی مەمالیکی دەریایی خراوەتەڕو، چونکە لەگەڵ نەمانی دەسەڵاتی ئەیوبییەکان، هەزبانییەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زانستی و کارگێڕیدا بەردەوام بون. لە تەوەری دوەمدا پشکی هەزبانییەکان لە کایەکانی کارگێڕی و زانست و بنیاتنانی ئاواکاریدا

لە سەردەمی دەسەڵاتی مەمالیکی چەرکەسیدا خراوەتەڕو. تێبینی ئەوە دەکەین، کە لەم ماوەیەدا هەزبانییە کوردەکان گرنگیان بەلایەنی ئاواکاری داوە، بۆ نمونە دروستکردنی مزگەوت و شوێنە زانستییەکان و تەنانەت ئەو شوێنانەی کە بە ناوەکانیان ناسراون، کە لەناویاندا هەندێ شوێن هەیە، ناوێکی هەزبانی دراوەتە پاڵی، بەبێ ئەوەی بزانرێت بۆچی بەکارهاتوە، وەلێ پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگرین، کە ئەو هەزبانیانەی لەسەرتاوە خزمەتیانکردوە، کار و کردەوەکانیان بۆتە شارێ بۆ ئەوانەی دوای خۆیان.

**کلیلە وشەکان:** هەزبانییەکان، مەمالیکی دەریایی، مەمالیکی چەرکەسی، شارستانییەت.

## پێشەکی

پێویستە ئەوە بڵێین، کە هێشتا کۆمەڵگای کورد و خوێندکارانی بەشی مێژوی زانکۆکانی کوردستان بەتایبەتی، لە دیرۆکی کورد لە سەدەکانی ناڤین و پشکداریيان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا کەمئاگان، دەشێ ئەمە بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە: یەکەم- مێژوی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست، هێشتا پەرش و بڵاوە و لێگەڕانی زۆری دەوێت، تا دەگەی بە ئامانج.

دوەم- زۆربەی توێژینەوەکان بە زمانی عەرەبین، کە بەشی زۆری خوێندکارەکانمان زمانەکە نازانن.

سێیەم- فرەچەشنی پشکی کورد لەو شارستانییەتەدا زۆرە، بەخوێندنی بابەتێک بە ناوی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاست، لە قۆناغی سێیەمی بەشی مێژو، ناتوانرێت ئەو سەردەمە بە خوێندکار ئاشنابکرێت، لەو دیدگایەوە دەمانەوێت فێرخوازانی کورد ئاشنای بەشێکی بچوک لە شارستانییەتی باپیرانیان بکەین.

ئەم توێژینەوەیە لە خاڵی کۆتایی دو توێژینەوەی دیکە دەستپێدەکات کە ئەوانیش: (احمد عبدالعزیز محمود: الاماراة الهذبانية الكرديه فی أزربیجان وأربیل والجزيرة الفراتية من(293-656هجری/905-1258میلادی) و (الیاس أحمد کریم: الدور السياسی والحضاری للهذبانيين فی الدولة الايوبية)، هەروەها توێژینەوەی (قادر محمد حسن: إسهامات الكرد فی الحضارة الاسلامية (دراسه عن دور الكرد الحضری فی مصر و بلاد الشام خلال عهد المماليك البحرية 648-784هجری/1250-1382م)، توێژینەوەی (کامل اسود قادر) بەناونیشانی (دور الكورد الحضاری فی مصر وبلاد الشام خلال عهد دولة المماليك الجراكسة)، هەریەکەیان ماوەیەکی توێژینەوەکەمان دەگرنەخۆ، کە بەگشتی لەسەر بەشداری شارستانیانەی کورد نوسراون، بێگومان ئەم توێژینەوانە پڕ کەڵک و سودبەخشن، بەڵام ئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە جیادەکاتەوە بریتییە لەوەی توێژینەوەکەمان تایبەتە بە ڕۆڵی تاکەکانی هۆزی هەزبانی لە شام و میسر لەسەردەمی فەرمانڕەوایێتی مەمالیکی دەریایی و چەرکەسییەکان، کە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوەی ستونی، کە لە میتۆدی زانستیدا لە کارە پەسنکراو و پێویستکراوەکانە.

## گرنگی بابەتەکە:

بێگومان هەمو بابەتێکی زانستی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەم بابەتەش بۆ مێژوی کورد گرنگ و پێویستە، چونکە دەرخستنی مێژوی تاکەکانی هۆزی هەزبانییە لە دەرەوەی نیشتمان و زێدی باپیرانیان، کە دەمێکە نەیارانی کورد بەمەبەست کوردیان وەک گەلێکی ناشارستانی و بێ مێژو کردۆتە ئامانج، لەژێر ئەو تێڕوانینەدا، قڕکردن و وێرانکردنی نیشتیمانەکەیان لە مێژوی ناوەڕاست و نوێدا زۆر و مایەی لێوردبونەوەیە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی توێژینەوەی زانستی تایبەت بە ڕۆڵی هەزبانییەکان، لە دەوڵەتی مەمالیکی دەریایی و چەرکەسییەکان لەلایەک، لاکردنەوە لە بەشێکی گرنگی پێڕێی شارستانییان لە سەدەکانی ناوەڕاست لەلایەکی دیکە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژنەوەکە، خڕکردنەوە و وەسەریەکنانی دەقە پەرش و بڵاوەکانی پەیوەست بە هەزبانییەکانە، لە سەرچاوە مێژوییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بە ئامانجی ڕامان و ڕانانییان بەیەکتری و هەڵێنجانی پشکی شارستانیانەی هەزبانییەکان، لە بەرەو پێشبردنی خانەی ئیسلامیدا، تاوەکو خوێنەران ئاشنای کاروانی شاڕێی لەبیرنەکراویان بن.

## ڕێبازی زانستی توێژنەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژو پەیڕەوکراوە، بەوەی زانیارییەکان لە سەرچاوە بنەڕەتییەکان وەرگیراون، پاشان بەراوردکاری کراوە لەنێوان ئەو سەرچاوانەی زانیاری هاوشێوە و وەکیەکیان تۆمارکردوە، لەلایەکی دیکە ژێدەرەکان بەکارهێنراون بۆ شرۆڤەکردن و تەواوکردنی زانیاریەکی تەواونەکراو، بەمەش میتۆدەکانی (گێڕانەوە و بەراوردکاری و شرۆڤەکردن) پەیڕەوکراوە.

## کێشە و گرفتی توێژینەوەکە:

گرفتی توێژینەوەکە لەوەدایە، سەرچاوە بنەڕەتییەکان زانیاری کورت و تەواونەکراویان پەیوەست بە کەسایەتییە کوردییەکان خستۆتەڕو، هەندێ جاریش زانیارییەکان بەجۆرێک تێکەڵن، ڕوداوە مێژوییەکانیان لە ڕوی ڕیزبەندی کاتەوە زەحمەت کردوە، لەلایەکی دیکە ماوەی توێژینەوەکە زۆرە، کە دەکاتە (274) ساڵ لە فەرمانڕەوایی مەمالیکەکان لە شام و میسر، هیلاکی زۆری ویستوە، تاوەکو لەو ماوە دور و درێژە، زانیارییە کەمەکانی پەیوەست بەو هۆزە کۆبکەینەوە، لە چوارچێوەی بابەتێکی سەربەخۆ بیخەینەڕو.

## پرسی توێژینەوە:

گەرەکمانە پرسگەلێکی مێژویی لەمەڕ هۆزی هەزبانی و تاکەکانیان لە غوربەت بوروژێنین، بەوەی ئەمانە چۆن لەدوای نەمانی دەسەڵاتی ئەیوبییەکان، کە هاوزمان و لەڕەگەز و سەربەهەمان هۆزبون، توانیان لەژێر سایەی دەسەڵاتی مەمالیکەکاندا بمێننەوە؟ چۆن بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت کرد؟ لە پێشڤەچونە زانسییەکاندا ڕۆڵیان چیبوە، ئەو ڕەهەندانە چین وای لە مێژونوسان کردوە زانیاری دەربارەی هەزبانییەکان تۆماربکەن؟

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە دەروازە و دو تەوەری سەرەکی پێکهاتوە: لە دەروازەدا دیڤچون و گەنگەشەی ناوی هەزبانی و شوێنی جوگرافی و گوزەرێک بەنێو مێژوی سیاسی هەزبانییەکان بەگشتی کراوە. لە تەوەری یەکەمدا ڕۆڵ و پێگەی هەزبانییەکان لە کایەی کارگێڕی و زانستی ئایینی و بواری ئەدەبی، لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی مەمالیکی دەریایی خراوەتەڕو. لە تەوەری دوەم دا پشکی هەزبانییەکان، لە کایەکانی کارگێڕی و زانستی و بنیاتنانی ئاواکاریدا خراوەتەڕو، لە سەردەمی دەسەڵاتی مەمالیکی چەرکەسیدا.

## دەروازە: هەزبانییەکان و مێژوی دەرکەوتنیان

لە پێڕێی دیرۆکی کورداندا، هۆزەکان پێگەیەکی گەورەیان، لەسەدەکانی ناوەڕاست هەبوە، بەهۆی چالاکی و لێتوانینیان لە کایە جیاجیاکانی وەگەڕنانی ژیارییدا، یەکێک لەو هۆزانە هۆزی گەورەی هەزبانییە، کە ناوێکی دیار و مێژوییەکی پرشنگداریان هەیە، بەهۆی بەرسڤدانەوی نەیارانیان و بنیاتنانی دەسەڵاتی خۆجێی و دەبەرڕاچونی تاکەکانیان لە بواری زانستە ئایینییەکان و وێژە و ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاست، چ لە مەملەکەتی خۆیان یاخود دور لە زێدی باپیرانیان، لەو دیدگایەوە شەن و کەوی بەشداریانەیان لە کایەی سیاسی و نەخشکردنی مێژوی کورد لە سەدەکانی ناەڕاست دەکەین، بە ئامانجی بیرهێنانەوە و گرێدانەوەی زنجیرەی مێژوی هەزبانییەکان لەسەردەمە جیاجیاکان، بەتایبەت لە شام و میسر، بۆئەوەی خوێنەر ئاشنای ئەو مێژوە بێت، کە بەشێکە لەشارستانییەتی کورد لەچوارچێوەی شارستانییەتی ئیسلامییدا.

## ڕۆڵی هەزبانییەکان لە پێڕێی مێژودا

دیرۆکی دێرینی هەزبانییەکان و گۆڕانکارییە زمانی و زاراوەیەکانی پەیوەست بە وشەی (هەزبانی) مشتومڕی جیاوازی لای توێژەران هێناوەتە ئاراوە، هەروەک وتراوە لە ناوی (حدیاب)ی کۆنی هەولێر وەرگیراوە (minorsky،1953،129-128)، یاخود لە (هەزانی، خیزانی) وەرگیراوە، کە هۆزێکی کورد بوە، لەنێوان هەولێر و ئازەربیجان ژیاون و هۆبەیان لەلای ئشنە (ئاران) بوە (البدليسي،2001، 173، هامش رقم(2)، بەدیڤچونێکی دیکە وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ (هەزبەنی یان ئەزبەنی) (زکی، 1945، 167)، کە لەزمانی کوردیدا بەواتای گەورەم یان بەندەی تۆم (سيدي أو أنا عبدك) هاتوە، کەوا لەلای کرمانجی باکور، لەلای

کوردە بادینییەکان ئەم وشەیە تا ئیستاش بەردەوامە (النقشبندی، 1984، 109)، بە ئاخافتنی توێژەرێک ئەم بۆچونەی کۆتایی نزیکە لە ئەسڵی وشەکە (محمود، 2001، 40)، بەدیدی ئێمەش ئەم بۆچونە لە ڕاستییەوە نزیکترە، بە بەڵگەی ئەوەی وشەی (ئەزبەنی) لە ناو سۆرانیەکانیش ناسراوە و بەتاییەت لای ئەوانەی بەشدارییان لە شۆڕەشی ئەیلولدا کردوە، لە هۆگری و پێگیرییان بۆ ڕێبەری شۆڕەشەکەیان ئەم دەستەواژەیە بەکاربراوە.

لەلایەکی دیکە وشەی (هۆزبان)، کە لەزمانی کوردیدا بە واتای هۆز (قبیلە) یان عەشیرەت دێت، یان بەواتای خاوەن دێت، بەنمونە سەرۆکی هۆز (صاحب قبیلە)، واتا (هۆزبان) سەرۆکی هۆز یان سەرۆکی عەشیرەت دەگەیەنێت، کە کۆمەڵە خەڵکانێکی لەژێر دەست دایە و بەیەکەوە دەژین (رسول، 2001، 62؛ محمود، 2001، 40).

سەبارەت بە چۆنیەتی گۆڕانی وشەکە دیسان جیاوازی هەیە، چونکە لەسەرچاوەکاندا بە چەندین شێوەی جیاواز هاتوە، وەک (الهذبانیة) (المسعودی، بدون تاریخ، 78؛ ابن ألأثیر، 1987، ج8، 284) والهدایانیة (مسکویة، 2000، ج6، 219) والهذیانی (ابن حجر العسقلانی، 1972، ج6، 100) والهذانیة (النویری، 1423هـ ج26، 124) والهدبانی (الکتبی،1980م، ج20، 385)، لەڕاستیدا جۆرێک لەئاڵۆزی هەیە لەساغکردنەوەی دروستی وشەکە و ڕایەکی یەکلاکەرەوە نییە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی بەڵگەی دروست و تەواو، وەلێ جیاوازی لە ڕێنوسی وشەکە لە سەرچاوەکاندا، بەدیدی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ دو هۆکاری سەرەکی: یەکەم: دەشێ هۆکارەکە تەکنیکی بێت و لەکاتی تۆمارکردنی ناوەکان بە هەڵە نوسرابن، بەهۆی ئاشنانەبونی ئەو مێژونوسانە ڕاستەوخۆ بەهۆزی هەزبانی. دوەم: لەکاتی وردبینی کردنی دەستنوسەکان (مخطوطة) بەهەڵە ناوەکە خوێندرابێتەوە، بەهۆی کۆنی و تێکچونی لاپەڕە و خەتەکە.

ئەمە وایکردوە ناوی هەزبانی بەشێوەی جیاجیا لەسەرچاوە مێژوییەکان تۆمارکرابێت، بێگومان ئەم جۆرە هەڵانەش لە سەرچاوە مێژوییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کەمنین.

دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێبونی هەزبانییەکان کارێکی ئاسان نییە، بە بەڵگەی فراوانی ڕوبەری جوگرافیای بڵاوبونەوەیان، بۆیە دەبێت لەو سەرچاوانە وردببینەوە، کە ئاماژەیان بە هۆزە کوردییەکان لەسەدەکانی ناڤین کردوە، لەنمونەی مێژونوسی ئیسلامی (المسعودی) ئاماژەی بە ژمارەیەکی بەرچاو لە هۆزە کوردییەکان کردوە، هەزبانیش یەکێکە لەوانە (مروج الذهب، 2005، ج2، 108)، کە لە ڕوبەرێکی بەرفراوانی جوگرافیای کوردستاندا بڵاوبونەتەوە، هەڵبەتە ئەم پەرتوبڵاویەیان دەشێ پەیوەندی بە گەورەیی هۆزەکەوە هەبێت، کە فرەلق بوە (الیونینی، 1992، ج1، 37)، بەنمونە ڕەوادی لە ئازربیجان (ابن حوقل، 1938، ج2، 336؛ ابن خلکان، 1994، ج7، 139؛ الیونینی، 1992، ج1، 37) و مارانییەکان لە خواروی موسڵ

نیشتەجێبون (المنذری، 1984، ج2، 156؛ ابن خلكان، 1990، ج3، 242)، هەرچی مێژونوسی دیار و بە ئاگای ناوچەکانی موسڵ و دەوروبەریەتی دەڵێت: **"شوینی نیشتەجیبونی هەزبانییەکان بریتییە لەجەزیرە و موسڵ"** (ابن الاثیر، 1987، ج6، 426)، ئەمە جگەلەوەی هەریەکە لە ناوچەکانی (سەلماس، ئورمیە، شنۆ و مەراغە، ئەردەبیل و تەبریز) بە مەڵبەندی بڵاوبونەوە و شوێنی نیشتەجێبونی هەزبانییەکان دیاریکراوە (ابن ألأثیر، 1997،ج6، 547-548؛ ابن خلدون، 1981، ج3، 444)، هەروەها ناوچەی جەزیرەی فورات و دەوروبەری سنوری موسڵ وەک زێدەی ڕەسەنی نیشتەجێبونی هەزبانییەکان دەستنیشانکراوە (ابن حوقل، 1938، ج1، 228؛ النقشبندی، 1984، 109-110؛ أبوبكر، 1919، العدد(24)، 328)، لە کۆواری ئەو دێڕانەدا دەتوانین بڵێین سنوری جوگرافیای هەزبانییەکان لە زێی گەورە و موسڵەوە درێژدەبێتەوە بۆ ئازربیجان.

## دەرکەوتنیان لە مێژوی سیاسیدا

وەک چۆن شوێنی جوگرافی هەزبانییەکانی بەسەر ناوچەگەلێکی جیاواز دابەشکردوە، بەهەمان شێوە ڕۆڵی سیاسی و سەربازیشیان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە، کە دەشێ سروشتی جوگرافیا و ڕەوشی سیاسی ڕۆژگار، کاریگەری لەسەر تێڕوانین و بیرکردنەوەیان بۆ ڕەنگرێژییان لە شارستانییەتی سەدەکانی ناوەڕاست هەبوبێت، وەک مێژوی مارانی و ڕەوادی کە لەبنەڕەتدا هەزبانین، دەستپیکی ڕابونی سیاسی هەزبانییەکان بۆ ساڵی (293ک/905ز) دەگەڕێتەوە، کاتێک خەلیفەی عەبباسی (المكتفی باللە)(289-295ک/901-907ز) هەڵسا بە دانانی (الأمیر أبا الهیجاء عبدالله بن حمدون التغلبي العدوي) (ت316ک/929ز) وەک والی موسڵ، هەرچەندە هەزبانییەکان بەرسڤی ناڕازیبونیان دا، بەڵام گوێیان لێنەگیرا، بۆیە کاتێک والی ناوبراو دەستبەکاربو، (محمد بن بیلال)ی هەزبانی سەرکردایەتی هۆزەکەی گرتە ئەستۆ، بڕیاری ڕوبەڕوبونەوەی سەربازی دژ بە (أبا الهیجاء) دا، بەمە جەنگ لەسەر پردی خازر لەنێوانیان ڕویداوە، جەنگ و ململانێیان کۆتایی نەهات، تاوەکو دواجار خیلافەت سوپایەکی بۆ یارمەتیدانی والی موسڵ نارد، ئەمە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جەنگاوەرانی هەزبانی هەبوە، بە بەڵگەی ئەوەی نەیانتوانی چیتر بەرگری بکەن، خودی (محمد بن بیلال) لەگەڵ هۆزەکەی بەرەو (چیای سلق[1]) و هەرێمی چیا ڕایانکردوە (ابن أثیر، 1997،ج6، 547-548؛ ابن خلدون،1981، ج3، 444)، بەمە ڕابونی هەزبانییەکان سوتماک بو، ئیدی لە مێژوی سیاسی هەزبانییەکان، جگە لە خزمەتی سەربازی لای دەسەڵاتدارانی غەیرە کورد، ڕودا و جوڵانەوەیەک نابینین تاوەکو ناوەڕاستی سەدی (4ک/10ز)، کاتێک لقی ڕەوادی هەزبانی میرنشنی ڕەوادیان دامەزراند، ماوەیەکی زۆر بەسەر بەخۆیی حوکمی ناوچەی ئازربیجانیان کردوە، خاوەنی پایتەخت و دراوی خۆیان بون و خەلیفەش ناچاربوە دان بەسەربەخۆییان بنێت (بڕوانە: زکی، 1937، 29-52؛ حسن،2011،

36-39)، تیرەکانی هەزبانی لە هەرشوێنێک بوبن، شوێن پەنجەیان بە مێژوی سیاسی و ژیاری سەدەکانی ناوەڕاستەوە دیارە، بە بەڵگەی ڕەوادییەکان، کە وەک تیرەیەکی ئەو هۆزە لە ماوەی ساڵانی نێوان(337ک/948ز) تاوەکو (463ک/1070ز)، ڕۆڵی سیاسی و شارستانییان لەشاری مەراغە و دەوروبەری لەئاستێکی بەرزدا بوە (بڕوانە: زکی، 1945، 29-56؛ موکریانی، 1962، 57؛ النقشبندی، 1984، 183)، چونکە ڕەوادییەکان لەناوچەی ئازربیجان نیشتەجێبون و خاوەن دەسەڵاتێکی سیاسی سەربەخۆ بون (ابن اثیر، 1997، ج8، 116؛ ابن خلکان، 1994، ج7، 139).

هەرچی هەزبانیەکانی هەولێر (اربل)ن، هەڵسان بە بنیاتنانی میرنشینی هەزبانی لەساڵی (437ک-534/1046-1139ز)، ڕۆڵێکی گرنگیان لەمێژوی سیاسیدا گێڕا، سەربەخۆبون و لەلایەن خیلافەت دانیانپیانراوە، لەبواری شارستانییدا مێژویەکی دەوڵەمەندیان هەیە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمود، الامارات الهذبانیة الکردیة فی أزربیجان وأربیل والجزیة الفراتیة من(293-656هـ/905-1258م)، وەلێ لەپاڵ ئەوەدا هەندێک لە تیرە و بنەماڵە و تاکەکانی هەزبانی بە هۆکاری جیاجیا چونەتە شام و میسر، لەوێ گیرساونەتەوە و بەشداریان لە کایە جیاجیاکاندا کردوە، بەنمونە لەڕۆژگاری دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر و شام، هەزبانییەکان لە کایەی سیاسی و سەربازی و بنیاتنانی شارستانیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە، وەک میر و سەرکردە و زانا و ئەدیب..هتد بەشداریەکی کارایان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەدا کردوە (بڕوانە: کریم، 2008، 24-159).

## تەوەری یەکەم: ڕۆڵ و پشکداری هەزبانییەکان لە دەوڵەتی مەمالیکی دەریاییدا (648-784ک/1250-1382ز)

هەروەک لەپێشتردا ئاماژەمان بەوەدا، کەوا هەزبانییەکان لە ناوچەی جیاجیا و لەکاتی جیاوازدا دەرکەوتون، بە ئاستی جیاواز ڕۆڵیان لە مێژوی سەدەکانی ناوەڕاست هەبوە، وەلێ زۆربەی ماوەکانیان توێژینەوەی تایبەتیان لەبارەیەوە کراوە، جگە لە سەردەمی مەمالیکەکان نەبێت، بۆیە توێژەر هەوڵدەدات ڕۆڵ و پشکدارییان لەو ماوەیەدا بخاتەڕو، کە بە سەردەمی مەمالیکەکان ناسراوە، بەو شێوەیەی کە لەخوارەوە پۆلێنمان کردوە:

### ڕۆڵ و پشکدارییان لەدام و دەزگا کارگێڕییەکاندا

لەڕاستییدا بونی هەزبانییەکان لە شام و میسر مێژویەکی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی ئەیوبییەکان، بۆیە لەو ماوە دیرۆکییەدا، پشکدارییان لە کایەی زانست و ئەدەبدا کردوە، ئەمە سەرباری ڕۆڵی کارایان لەکایەی سیاسی و سەربازییدا، بۆیە وەختێک دەسەڵات گواسترایەوە بۆ (مەمالیکەکان[2])، درێژەیان بە کاروانی سیاسی و سەربازی و پێشڤەچونە زانستییەکان داوە، ئەمە سەرباری ئەوەی

مەمالیکەکانیش وەک هێزێکی غەریب و بێلانە لەشام و میسر ببونە بار بەسەر شانی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەوە، بۆیە لەو دیدگایەوە سوڵتانەکانی مەمالیک پێویستیان بە هەمو ئەو کەسانە بو، کە پشتیوانییان بکەن، لە پێناو پاراستنی دەسەکەوتەکانیان، بێگومان لەو چوارچێوەیەدا هەزبانییەکان بە ڕەگەزێکی دیار و جیاواز لە فەرمانڕەوایەتی مەمالیکەکان دەبینرێن، کە شوێن پەنجەیان لە دەوڵەتداری و وەگەڕخستنە زانستییەکاندا دیار و بەرچاوە، بەتایبەت دوای گواستنەوەی دەسەڵات لە ئەیوبییەکان بۆ مەمالیکی دەریایی (بەحری[3]) لەساڵی (648ک/1250ز)، بەهەمان شێوە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و خزمەتی زانستی و ئاینی بەردەوام بون، بەنمونە (عزالدین محمد بن ابی الهیجاء بن محمد الهذبانی الاربلی)، لە هەولێر لەساڵی (620ک/1223ز) لەدایکبوە، لەتەمەنی گەنجیدا چۆتە شام، لەوێ ماوەتەوە، بەو هۆیەوە ئاوێتەی ژیانی کۆمەڵایەتی و زانستخوازی بوە، هەروەک لەگەڵ (العز الضریر[4]) دانیشتنی کردوە، لەوبارەیەوە سودی لێوەرگرتوە، لە بواری زانستی خۆی پێگەیاندوە، بۆیە لەکایەی سیاسیدا وەک شارەزا و سیاسەتمەدار ناوی هاتوە (الذهبی، 1993م، ج52، 483-484؛ الصفدی،1997، ج5، 297-298)، لە کۆڕوکۆبونەوەکانی کاربەدەستانی دەوڵەت بەشداریکردوە (الیونینی، 1992، ج1، 383؛ ج2، 32)، بۆ ئاستێک بەرزبۆتەوە پۆست و پایەی گرنگ و بەرزی پێدراوە، لەنمونەی پایەی (والی[5]) دیمەشق (الذهبی، 1993م، ج52، 483-484؛ الصفدی،1997، ج5، 297-298)، بێگومان دیمەشق بۆخۆی ناوەندێکی گرنگ بو، لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و لەڕوی سیاسی و سەربازیشەوە پێگەیەکی بەرزی هەبو، بەدیوێکی دیکەدا دەتوانین بڵێین گوزارشتی لە سیاسەتی شام دەکرد (أبو دمعة، 1988، 241)، لەو دیدگایەوە فەرمانڕەوایێتی ناوبراو لە دیمەشق بە گرنگ هەژمار دەکرێت، بەهۆی ئەو پێگەیەی کە هەیبوە، وەلێ لەپاڵ ئەوەدا بێگرفت نەبوە، بە بەڵگەی ئەوەی بە شیعەی ڕافزی تۆمەتبار کراوە (الذهبی، 1993م، ج52، 483-484؛ الصفدی،1997، ج5، 297-298؛ ابن کثیر، 1997، ج17، 741؛ العینی، 2010، ج4، 155)، کە بەدی ئێمە ئەوە ئاسان نەبوە، چونکە لە دەوڵەتێکی سونە مەزهەبدا کاربەدەست بوە. لەستایشکردنیدا بەشێخێکی کوردی ڕێزدار و خاوەن پایە لەسەرچاوەکاندا ناویهاتوە، وتراوە قژی بۆسەر شانی درێژبۆتەوە، جامانە (عمامە)ی بەشێوەی بازنەیی لەسەر پێچاوە، ساڵی (700 یان 706 ک/1301یان1307ز) لە میسر کۆچی دوایی کردوە (الذهبی، 1993م، ج52، 483-484؛ الصفدی،1997، ج5، 297-298؛ ابن کثیر، 1997، ج17، 741؛ العینی، 2010، ج4، 155)، تەنانەت ئەو شوێنەی ماڵەکەی تێدا دامەزراندوە بەناوی (درب ابن ابی الهیجاء) ناسراوە (ابن کثیر، 1997، ج17، 741)، بەوردبونەوە و ڕامان لە ستایشی مێژونوسان بۆ ئەم کەسایەتیەی هەزبانی درک بەوە دەکەین، کە ناوبراو مۆرک و شوناسی کوردی تاڕادەیەک پاراستوە، توانیویەتی جیاوازی کەلتوری کوردان پیشانی دانیشتوانی شام بدات، لەلایەکی دیکە وادیارە ئازادی لە پۆشین و شێوازی خۆپۆشتەکردن هەبوە، بەو پێیەبێت عەقڵیەتی

ئەوسا لە زۆرێک لەوڵاتانی ئێستا پێشکەوتوتر بوە، کە هەندێ جار دەبینین پەسندی ئەوە ناکەن، کە خەڵکانی غەیری خۆیان گوزارشت لە مۆرکی نەتەوەییان بکەن، لەلایەکی دیکە ناونی (درب ابن ابی الهیجاء) بەناوی ناوبراوەوە لێکەوتێکی شارستانییە و گوزارشتە لە پێگەی ناوبراوە.

هەروەها (جمال الدين الأربلي، طه بن إبراهيم بن أبي بكر بن فبرك بن شيرك بن احمد بن بختيار الهذباني (595 – 677ک؟/ 1198 – 1278ز)، لەشوێنی (القاضي بدر الدين أبو المحاسن السنجاري)ی کرا بە پارێزگاری (والی) بلبیس، دواتر لە کارەکەی دورخرایەوە (ابن تغري بردي، دون تاريخ، ج7، 8–9)، وەلێ هێندەی دیڤچونمان کرد، هۆکاری دورخرانەوەیمان لە هیچ سەرچاوەیەک دەستنەکەوت.

هەروەها (الامير جمال الدين يوسف الهذباني) لە نزیکەی (700یان 704ک/1300یان1304ز) لەدایکبوە، زۆرێک لە شارەکان گەڕاوە و دونیا دیدە بوە، بەهۆی لێهاتویی جێگری قەڵابوە، کاتێک (الملک الناصر محمد بن قلاون) (709–741ک/1309–1341ز) هاتە سەر دەسەڵات و شکستی هێنا، میری هەزبانی ڕۆڵێکی کارای لە ڕوداوەکان هەبوە، توانی دەست بەسەر قەڵای دیمەشقدا بگرێت، بەڵام ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان دەرفەتیان نەداوە بەردوام بێت، بەوهۆیەوە لەساڵی (798ک/1395ز) لە جێگری قەڵا لادراوە (ابن حجي، 2003، ج1، 77، 148؛ المقريزي، 1997، ج5، 454؛ ج6، 36؛ السخاوي، دون تاريخ، ج10، 341)، پارێزگاری قەڵای دیمەشق بوە (السخاوي، دون تاريخ، ج10، 341)، ناوبراو لە مانگی جمادی کۆتایی (801ک/1398ز) گەیشتۆتە قەڵا و پۆشاکی نایابی لەبەرکردوە (ابن حجي، 2003، ج1، 342)، وەلێ نازانین ئەوە مەبەستی دەسبەکاربونیەتی لە قەڵای دیمەشق؟ یاخود شوێنێکی دیکەیە؟، چونکە وەک والی دیمەشق کاری کردوە، زیاتر لەجارێکیش فەرمانڕەوایێتی قەڵای دیمەشقی پێسپێردراوە (المقريزي،1997، ج5، 454؛ ج6، 36)، هەروەها باس لەوەکراوە کە ناوبراو لەلایەن وەزیری دەوڵەتەوە سزادراوە، بەهۆی ڕادەستکردنی قەڵا بە نایارەکانی وەزیر لە ناوخۆی دەوڵەتدا (ابن حجي، 2003، ج1، 423)، لەبارەی کەسایەتییەوە وتراوە زۆرجار وەک گاڵتەجاڕی سوکایەتی بە گەورەکان کردوە، ئەوانیش چاوپۆشیان لێکردوە، لای پاشاکان خۆشەویست بوە، بەهۆی ئەوەی نوکتەی زۆری هەبوە، زیاتر لە جارێک سەردانی قاهیرەی کردوە (السخاوي، دون تاريخ، ج10، 341)، ڕۆژی شەممە (8ی ذی الحجة802ک/1399ز)، لە ماڵەکەی خۆی لە نزیک مزگەوتی (القصب) کۆچی دوایی کرد، دواتر گواسترایەوە بۆ (القبيبات) و لە مزگەوتی کەریمی نوێژی لەسەر کرا، لە نوێژی نیوەڕۆ لە خاکی (حموه الامير زبالة) نێژرا، (ابن حجي، 2003، ج1، 441).

هەر لەو یەکە کارگێڕیەدا (مجد الدين موسى الهذباني) لەساڵی (747ک/1346ز) کرایە والی (الاشمونين[6]) (المقريزي، 1997، ج4، 62)، لەمەوە دەتوانین بڵێین پۆستی والی بەیەکێک لە پایە گرنگەکانی کارگێڕی دانراوە، بەهۆی فراوانی ئەو دەسەڵاتەی هەی بوە لەلایەک، لەلایەکی دیکە لەلایەن خودی سوڵتانەوە

بە چاوێکی ڕێزدارانەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، لەو سۆنگەیەوە بونی هەزبانییەکان لەو پۆستە کارگێڕییە گرنگەدا بەهای خۆی هەیە، بەوەی گوزارشتێکی ڕونە لە توانا و بەهێزی دبلۆماسیەتی هەزبانییەکان لە دەرەوەی نیشتیمانەکەیان، کە کاریگەری و شوێنەواری لەشارستانییەتی ئەوسای میسر جێهێشتوە، چونکە بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی هەیبوە بەریەککەوتنی لەگەڵ گەورە و خانەدان و خەڵکی گشتی ناوچەکە هەبوە، بەمە ئاوێتەبونی کۆمەڵایەتی و ئاشنایەتی گەلانی دیکە بە فەرمانڕەوایەتی هەزبانییەکان هاتۆتە ئاراوە، لە ئەگەری دادپەروەری ناوبراودا خۆشەویستی و پەسندی دەسەڵاتدارێتی کوردان لە دیدی خەڵکدا پەیدابوە، خۆ ئەگەر ستەمکار بوبێت، ئەوا پێچەوانەکەی ڕویداوە.

بەهۆی لێهاتویی (مجد الدین موسی الهذبانی) لە ئاڵنگارییەکانی قاهیرە، کاتێک دەسەڵاتدارانی مەمالیک کەوتنە وێزەی یەکتری، یەکێک بوە لەوانەی توانی لەگەڵ والی قاهیرە پارێزگاری لە شارەکە بکات، ئەمەش بەڵگەی کارامەیی ئەو کەسایەتیەیە، بۆیە لەساڵی (755ک/1353ز) پۆستی (شد الدواوین[7])ی وەرگرتوە (المقریزی،1997، ج4، 80، 162-166، 210).

مەمالیکەکان گرنگیان بەلایەنی دەریایی داوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەزگای تایبەت و کەسانی لیهاتو کاریان تێدا کردوە، تەنانەت هەندێک لەکوردەکان لەم دەزگایە فەرمانبەربونە، یەکێک لەو کەسانە (الأمیر مجد الدین موسی الهذبانی)ە، پیش ئەوەی پۆستی (شد الدواوین) وەربگرێت، لە پایەی (کشف الوجە البحری[8]) کاری کردوە (المقریزی، 1997، ج4، 80)، بەڕامان و وردبونەوە لە وەرگرتنی پایە کارگێڕییە جیاجیاکان دەتوانین بڵێین ناوبراو سیاسەتوانێکی ژیر و جەنگاوەرێکی بەتوانا و سەرکردەیەکی لێهاتوە بوە، ئەمە سەرباری پێگیری ناوبراو بە سوڵتانەکانی مەمالیک دەردەخات، بەوەی پشتیوان و هەمەکارەیان بوە، وەلێ دواجار لە ئاکامی ناکۆکی ناوخۆیی مەمالیکەکان لە بەرامبەر نەیارەکانی شکستی هێنا (المقریزی، 1997، ج4، 191)، لەڕاستیدا ناوبراو نەهامەتی زۆری بینیوە، بەهۆی بەریەککەوتنە ناوخۆییەکان، وەلێ هەندێ جاریش جەنگە ناوخۆییەکان بونەتە سەرچاوەی وەدەستهێنانی پارە و سامان بۆ فەرمانڕەواکان، کە لەکاتی قات و قڕی و بەرزبونەوەی نرخەکان سودیان لێوەرگرتوە، کە ناوبراو یەکێک بوە لەوانەی سودی بینیوە لەولایەنەوە (المقریزی، 1997، ج4، 210، 214-215)، دەربارەی ساڵی مردنی سەرچاوە گەلێکی زۆر گەڕاین، بەڵام هیچمان لەوبارەیەوە دەستنەکەوت، وەلێ دەتوانی بڵێین لەدوای ساڵی (755ک/1353ز) مردوە.

چاودێری کۆگا (نظر الخزانة[9]) یەکەیەکی دیکەی کارگێڕییە و سەر بەدیوان بوە، یەکێک لە هەزبانییەکان بەناوی (قاضی القضاة تاج الدین محمد بن محمد بن ابی بکر الأخنائی[10]) چاودێری کۆگای تایبەتی لەساڵی (753ک/1352ز) وەرگرتوە (المقریزی،1997، ج4، 173)، بەڵام لەڕۆژی دوشەمە (2ی مانگی سەفەر)ی ساڵی (756ک/1355ز) لەپۆستەکە لابراوە و کەسێکی دیکە لەشوێنی دانراوە، وەلێ هۆکاری لادانی دیارنییە،

وەلێ لە هەمان ساڵدا چاودێری کۆگای تایبەتی پێسپێردراوەتەوە لەشوێنی (تقی الدين محمد بن ابی بكر)ی مامی، چونكە ئۆغری كردبو، (تاج الدين) هەڵسا بەدیاریكردنی (برهان الدين)ی برای وەك نوێنەری خۆی لە پایەی چاودێری كۆگا (المقريزى، 1997، ج4، 101، 220–222؛ ابن حجر العسقلانى، 1972، ج4، 94)، لەساڵی (18ی صفری763ك/1361ز) لە قاهیرە كۆچی دوایی كردوە (المقريزى، 1997، ج4، 265)، بەگوێرەی پێشگری ناوەكەشی دەردەكەوێت كە پایەی دادوەری دادوەرانی هەبوە، ئەمەش پایەكی گرنگ بو، تەنها ئەو كەسانە ئەو نازناوەیان پێدراوە، كە لە ڕوی زانست و شەریعەتەوە لە ئاستێكی باڵادا بونە. هەروەها (احمد بن القاضى شمس الدين محمد بن عيسى الاخنائى)، لە فەرمانڕەواییدا نوێنەری (تقی الدين)ی مامی بوە، پۆستی (نظر الخزانة)ی وەرگرتوە و سوارچاكێكی بەهێز بوە، لە مانگی ڕەجەبی (739ك/1338ز) مردوە (ابن حجر، 1972، ج1، 345).

پایەی دادوەری ڕۆڵێكی گرنگی لەو سەردەمەدا هەبوە، بۆیە مەمالیكەكان گرنگیان بەم پایە داوە، خەڵكی بەتوانایان بۆ ئەم بەرپرسیارێتیە دەستنیشان كردوە، بنەماڵەی ئەخنائی هەزبانی لەو یەكە كارگێڕیەدا لە ساڵانی (718–779 ك/1318–1377ز) لە میسر دەورێكی كارایان هەبوە (ابن حجر العسقلانى، دون تاريخ، ج1، 8، 105، 108، 132–133)، بەنمونە (علم الدين محمد بن ابى بكر الاخنائى (664–732ك/1266–1322ز) شافعی مەزەب بوە، لەساڵی (727ك/1326ز) كرایە دادوەری ئەسكەندەریە (ابن كثير، 1997، ج18، ص279؛ الصفدى، 1997، ج4، 360)، پاشان گواستراوەتەوە بۆ شام و كراوەتە (قاضى قضاة [11])ی شافعی لە دیمەشق (ابن الوردى، 1996، ج2، 283؛ ابن كثير، 1997، ج18، 279)، لە ستایشیدا (المقريزى) وتویەتی: **"وكان فقيها حشما من بيت علم ورياسة"** (المقريزى، 1997، ج7، 425)، هەروەها (تقی الدين محمد بن ابى بكر بن عيسى ابن بدران الاخنائى) لەساڵی (718ك/1318ز) پۆستی دادوەری دادوەرانی لە مەزەبی مالیكی لە قاهیرە و میسر وەرگرتوە (ابن كثير، 1997، ج18، 178؛ المقريزى، 1997، ج3، 7) بە یەكێك لە دادوەرە دیارەكانی میسر ناوی هاتوە و لەساڵی (728ك/1327ز) مۆڵەتی پێدراوە (الصفدى، 2000، ج2، 197)، گرنگی بە زانست داوە و لە پۆستەكەی بەردەوام بوە تاوەكو لەساڵی (749ك/1348ز) بە نەخۆشی تاعون مردوە (الصفدى، 1998، ج4، 362–363)، بەڵام بە گوێرەی سەرچاوەی دیكە ناوبراو نزیكەی پێش ساڵی (660ك/1261ز) لەدایكبوە و لەساڵی (750ك/1349ز) كۆچی دوایی كردوە (المقريزى، 1997، ج4، 114؛ ابن حجر، 1972، ج5، 145–146).

هەروەها (برهان الدين أبو اسحاق ابراهيم بن علم الدين محمد بن ابى بكر بن عيسى بن بدران الهذبانى الاخنائى) لە قاهیرە لە دایكبوە و پێگەیشتوە، لەسەر مەزەبی شافعی بوە، پاشان مەزەبەكەی وەك مامی بۆ مالیكی گۆڕیوە (ابن حجر العسقلانى، 1969، ج1، 108)، سەرەتا بەرپرسی (محتسب [12])ی قاهیرە بو، بەڵام

لەساڵی (763ک/1361ز) لابراوە و لەسەر مەزەبی مالیکی پایەی دادوەری دادوەرانی وەرگرتوە (المقریزی،1997، ج4، 261، 319)، لەگەڵ باوکی چۆتە دیمەشق و پایەی دادوەری وەرگرتوە، پاشان بوە بە دادوەری میسر لە دوای (تاج الدین)ی برای پێش ئەوە نوێنەری بو، بۆیە بە دەستپاکی و پیرۆزی و پاکیزەییەوە مامەڵەی کردوە، پیاوێکی ئازا و بەجەرگ بو، پێش دادوەری، پۆستی حوسبە و چاودێری گەنجینە و چاودێری نەخۆشخانەی هەبوە، لە حوکمەکانیدا دۆسیەی بەناوبانگی هەبو لە وەڵامدانەوەی نامەی سەروترەکان، بەڕێز و فەزیلەت و بەخشندە بو، شکۆمەند و توند و ڕاستگۆ و کاریگەر بو لە قسەکانیدا، هیچ پەیام و شەفاعەتێکی قبوڵ نەدەکرد، بەڵکو ڕاستگۆ بوە لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی، دڵسۆزبوە بۆ کارەکەی، سەرەڕای ئەمەش زۆر لێبوردە بو بەرامبەر ئەوانەی ڕاستیان نەشاردۆتەوە، ڕوبەڕوی خراپەکاران بۆتەوە و بەتوندی قسەی لەدژ کردون، بەو هۆیەوە بەناوبانگ بوە، وەلێ لەبەرامبەر ئەوەدا خەڵکانێک لەدژی وەستاونەتەوە، بەڵام بەسەریاندا سەرکەوتوە، پۆستی دادوەری گرتە ئەستۆ (ابن حجر العسقلانی، 1972، ج1، 65-66؛ ابن حجر العسقلانی، 1998، 34-35؛ ابن تغری بردی، 1984، ج1، 146-147؛ السیوطی، 1967، ج1، 461)، پانزە ساڵ وەک دادوەر بەردەوام بو، هەڵسوکەوتەکەی جێی ستایش بو (ابن تغری بردی، 1984، ج1، 146-147)، بە وەرگرتنی پۆستی (الحسبة) بژێوی ژیانی باشتر بوە، بەڵام کاتێک لە ڕۆژی شەممە، شەشەمی ڕەبیعی کۆتایی یەکێک لە منارەکانی قوتابخانەی سوڵتان حەسەن ڕوخا و نزیکەی سێ سەد منداڵی هەتیو، کە لە نوسینگەی قوتابخانەکەدا بون کەوتنە ژێرەوە و لەناوچون، ئەوانەی لەوێ بون و ئەوانەی هەتیو نەبون و خەڵکەکەش بەم شتە بێزاربون، پێیانوابو بەهۆی کۆچی دوایی سوڵتانەوەیە، بەوهۆیەوە حوکمڕانیەکەی شەوی چوارشەممە کۆتایی هات، تەنها ئەوەندە بەس نەبو، بەڵکو خەریک بو بکوژرێت کاتێک ویستی بە ئامرازێکی چەکەوە، کە لەژێر جلەکانی شاردبویەوە چوە بەردەمی شازادە (یلبغا الخاصکی)، ئەویش فەرمانیکرد بە داکەندنی جلەکانی و دەستەکانی کەلەپچە کرا، وەلێ بەخت یاوەری بو یەکێک لە خەزورەکانی سوڵتان شەفاعەتی بۆ کرد (المقریزی،1997، ج4، 252)، پوختەیەکی هەیە بە ناوی (الهدایة والأعلام بما یترتب علی قبیح القول من الأحکام - خ) لە کتێبخانەی عەرەبی لە دیمەشق پارێزراوە (للزرکلي، 2002، ج1، 63)، لەساڵی (777ک/1375ز) لە قاهیرە کۆچی دواییکردوە (ابن حجر العسقلانی، 1972، ج1، 65-66).

دادوەرێکی دیکە (عبدالوهاب بن أحمد بن علم الدین بن محمد بن أبي بکر)، ناسراو بە (بدرالدین)، ئەندامێکی دیکەی بنەماڵەی ئەخنائی سەر بەهۆزی گەورەی هەزبانییە، لەسەرەتادا لەسەر مەزەبی شافعی بوە، پاشان بۆتە مالیکی، لەساڵی (777ک/1375ز) لە قاهیرە پایەی دادوەری دادوەرانی مالیکی وەرگرتوە (المقریزی، 1997، ج4، 389؛ ابن الحجر، 1969، ج1، 105، 267؛ ابن تغری بردی، دون تاریخ، ج11،

136)، بەڵام لەساڵی (778ک/1376ز) لابراوە و گۆشەگیربوە و دواتر حەجی کردوە، بەڵام لە ساڵی (779ک/1377ز) گەڕێنراوەتەوە سەر کار، وەلێ جارێکی دیکە لە هەمان ساڵ لابراوە، لەساڵی (784ک/1382ز) کۆچی دوایی کردوە (ابن الحجر، 1969، ج1، 133–156؛ ابن تغری بردی، دون تاریخ، ج11، 294–295).

لە پاشخانی ئەم زانیاریانەی سەرەوەدا گەیشتوین بەوەی، کە هەزبانییەکان لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی مەمالیکی دەریاییدا خاوەن پێگەیەکی دیاربون، کە بە ڕانانی بەسەردەمی ئەیوبییەکان ڕۆڵێکی کارایان هەبوە، بەدیدی ئێمە دەسەڵاتی دەوڵەتداریان فرەتر بوە، نەک کەمتر.

## ڕۆڵی هەزبانییەکان لە زانستی قورئان و فەرمودەدا:

زانستە ئایینیەکان لەسەدەکانی ناوەڕاست باوبو، ئەوانەی لە قورئان و فەرمودە شارەزاییان هەبوە، بەزانا گوزارشتیان لێکراوە، زۆربەی ناوەندەکانی فێربون بە خوێندنی بابەتی ئایینی خەریکبون، بەو هۆیەوە گەلانی هاوبەش لە بیروباوەڕی ئیسلام، لەپێناو تێگەیشتن و شارەزابون لە ئایینەکەیان هەوڵی زۆریان داوە، یەکێک لەو گەلانە کوردەکانن، کە لەناویاندا هۆز گەلێک هەن شوێن پەنجەیان لەسەدەکانی ناڤین دیارە، یەکێک لەو هۆزانە هەزبانییەکانن، لەسەردەمی دەسەڵاتی مەمالیکەکاندا ناوێکی دیارن، بەنمونە لەزانستی قورئاندا (طه بن إبراهیم بن أبی بکر بن بختیار الهذبانی الاربلی (594–677ک/1197–1278ز)، تەواوی قورئانی پیرۆزی لەبەربوە، شارەزایی لە شێوازەکانی خوێندنەوەی قورئاندا هەبوە (ابن الشعار، 2005، ج2، 163–164)، لە تەمەنی گەنجیدا چۆتە میسر، لەلای (محمد بن عەممار) و ئەوانی دیکە گوێبیستی زانستە ئایینییەکان بوە (الیونینی، 1960، ج3، 303؛ أبو الفداء، 1993، 904؛ الصفدی، 2000، ج16، 236)، قورئانی بۆ زانایان خوێندۆتەوە، هەمو ئەڵقەکانی لە (أبو عبدالله محمد بن عماد الحرانی) لە ئەسکەندەریە بیستوە، لە هەولێر و دیمەشق ناوی زانایانی وەک (ابن أبی یعقوب یوسف بن محمد الشاوی) بیستوە، گوێبیستی زانایانی وەک (الأبیورد و أبو مجد الدمیاطی و فخرالدین عثمان بن ظاهر) بوە (ابن تغري بردی، دون تاریخ، ج7، 8–10)، لەمەوە دەردەکەوێت ناوبراو لە کۆڕە و کۆبونەوە زانستیەکان ئامادەگی هەبوە و بەشێکی ژیانی بۆ خزمەتی زانستی تەرخانکردوە، لە هەولێر لەدایکبوە و لە قاهیرە کۆچی دواییکردوە و لە گۆڕستانی قەڕافە نێژراوە (الیونینی، 1960، ج3، 303؛ أبو الفداء، 1993، 904؛ الصفدی، 2000، ج16، 236). کەسایەتییەکی دیکە (أبو العباس الهذبانی، أحمد بن جبریل بن مرزا بن عیسی اربلی)، چۆتە میسر و دیمەشق، زانا و چاکەکار بوە، شارەزایی لە قورئاندا هەبوە، لەساڵی (695ک/1295ز) کۆچی دوایی کردوە (الذهبی، 1993، ج52، 240)، بەگوێرەی زانیارییەکانبێت ناوبراو لە هەولێرەوە بەرەو شام و میسر کۆچیکردوە، لە لێکەوتی ئەوەدا ئاوێتەبونی کۆمەڵایەتی و زانستی هاتۆتە ئاراوە، بەو هۆیەوە توانا زانستییەکانی بەرەو پێشچوە.

لەزانستی فەرمودە دا کەسایەتی دیاری هەزبانی (إبراهيم بن محمود بن موسی بن أبی القاسم، أبو اسحاق الكردى، الضريرى الهذبانی (574–662ک/1178–1264ز)، بە مەبەستی خوێندنی زانستی فەرمودە چۆتە دیمەشق، لەلای کەسە ناودارەکان پێگەیشتوە، لە قاهیرە کۆچی دوایی کردوە (الذهبی، 1993، ج49، 96؛ الصفدی، 2007، 65)، کۆچی زانستی دیاردەیەکی باوی سەدەکانی ناوەڕاستە و هەزبانییەکانیش لەو پرۆسەیەدا بەشداربون، بێگومان ئەمە کاریگەری و شوێنەواری بەدوای خۆیەوە جێهێشتوە، بەوەی لە ئاکامی ئەوەدا توانا زانستییەکانی بەرزبۆتەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکە ئاوێتەبونی کۆمەڵایەتیشی لێکەوتۆتەوە (بڕوانە: حسین، 2017، 27–34، 89–91، 105–165). هەروەها (مجد الدين محمد بن خالد بن حمدون الهذبانی) فەرمودەزان و زاهد و شێخێکی گەورە و دیاری شام بوە، بە مەبەستی دەستخستنی زانیاری و زانستی فەرمودە گەشتی بۆ چەند شارێک کردوە، لەبەغدا گوێبیستی (ابن بهروز الطبيب) و لە میسر (ابن الجميزى) و لە حەلەب (ابن رواحه و ابن خليل) و لە دیمەشق (الرشيد بن مسلم) بوە، لەساڵی (687ک/ 1288ز) لە حەلەب کۆچی دوایی کردوە (الصفدی، 2000، ج3، 31؛ الكتبى، 1984، ج21، 431–432؛ الفاسی، 1998، ج2، 170).

زانایەکی دیکە (علم الدين محمد بن ابى بكر بن عيسى السعدى الاخنائي الهذبانى) لەتەک کاری دادوەریدا، لەکایەی زانستدا چالاک بوە و لە خوێندنگای (العادلية الكبرا[13]) وانەی بە فێرخوازان داوە، بەر لەمردنی چەند ڕۆژێک وانەی لە خوێندنگای (البرانية[14]) وتۆتەوە (النعيمی، 1990، ج1، 213، 224، 322)، لە ڕاڤەکردنی قورئان و شیکردنەوی فەرمودەدا بەتوانا بوە، یەکێک بوە لەکەسە زیرەکەکان (الذهبی، 1988، ج2، 320–321). لە کۆواری ئەم دێڕانەدا دەتوانین بڵێین هەزبانییەکان هاوشێوەی گەلانی دیکە بەشدارییان لە کۆچکردنی زانستیدا کردوە، بەوهۆیەوە توانا زانستییەکانی خۆیان پەرەپێداوە و (مۆڵەتی زانستیان[15]) بەدەستهێناوە، تا دواجار بەشێکیان بونەتە مامۆستای ناوەندە زانستییەکان و دەیان و سەدان فێرخوازیان پێگەیاندوە، لەپاڵ ئەوەدا ئاوێتەبونی کۆمەڵایەتی و تێکچڕژانی کەلتورەکان بەبێ خواست هاتۆتە ئاراوە، کە دواجار هەموان پێکڤە گوزارشتیان لە شارستانییەتی ئیسلامی کردوە، بەڵگەی ئەم ئاوێتەبونە بریتییە لە هاوسەرگیری (إقليم شاه)ی کچی دادوەری میسر و شام، بەناوی (الشمس محمد بن محمد بن عثمان بن احمد بن محمد بن أبى بكر بن عيسى الاخنائى) لەگەڵ (أمير المؤمنين المعتضد داود[16])، کاتێکیش هاوسەرەکەی مرد، لەگەڵ (المستنجد يوسف[17])ی شوبرای هاوسەرگیری کردەوە، بەڵام دواتر جێیهێشت و ڕوی لە دیمەشق کرد (السخاوی، دون تاريخ، ج12، 7)، هەروەها هاوسەرگیری (فاطمة بنت التاج محمد بن محمد الأخنائى) لەگەڵ (محمد بن إبراهيم بن إسحاق[18]، الصدر المناوى (742– 803ک/1341–1400) لە بەرواری (6ی ربيع الاول762ک/1360ز) وەها ستایش کراوە، کە پێشەنگی ئافرەتان بوە لەڕوی عەقڵ و

ئایین و ڕۆشنبیرییان **"وكانت من سروات النساء عقلا ودينا ومعرفة"** (المقريزي، 2002، ج3، 33؛ السخاوي، دون تاريخ، ج12، 106)، بەپێچەوانەشەوە بنەماڵەی ئەخنائی هەزبانی هاوسەرگیرییان لەگەڵ خاتونی غەیرە کورد کردوە (السخاوي، دون تاريخ، ج12، 8).

**ڕۆڵی هەزبانییەکان لەبواری فقە و تەسەوف و ئەدەبدا:**

**یەکەم: زانستی فقە**

زانستی فقە لەزانستی شەریعەت و بنەماکانی ئاییندا، واتە ڕێبازیکی ئایین زانییە، کەسانی پێگەیشتو لە ئاییندا لەم زانستەدا قوڵ دەبنەوە و یاسا و ڕیساکان دەکەنە بنەمای زانستی خۆیان، لەو ڕێگەیەوە خزمەتی کۆمەڵگا دەکەن (بڕوانە: الجويني، 2004، 46-50)، لەپێش سەردەمی مەمالیکەکان، کوردەکان گرنگییان بەم زانستە داوە و لەو ڕێگەیەوە کەسانی ناودار و زانا دەرکەوتون، بەنمونە یەکێک لە ئەندامانی هۆزی هەزبانی کە لەبواری فقهدا ناوی هاتوە (شيخ سليمان بن إبراهيم بن محمد بن ابراهيم، أبو الربيع الهذباني)، لە هەولێرەوە بە مەبەستی زانستی چۆتە میسر، لە قوتابخانەی شافعی بەکاری زانستەکانی ئایینیەوە خەریک بوە، وەک فەقیهێکی گەورە ناسراوە، لەساڵی (675ک-1276ز) مردوە و لەگۆڕستانی شافعی نێژراوە (الذهبي، 1993، ج50، 130)، فەقیهێکی دیکە (حسن بن هارون بن حسن)، ناسراو بە (نجم الدين الهذباني)، لە هاوەڵانی (الشيخ محيي الدين النواوي) بوە، سودی زۆری لێوەرگرتوە، هەروەها گوێبیستی (ابن عبد الدائم) و کۆمەڵێکی دیکە بوە، لەسەر مەزەبی شافعی، بە خواناسی وچاکەکار ناسراوە، بەدوای زانستدا گەڕاوە، لەساڵی (699ک-1299ز) کۆچی دوایی کردوە (الذهبي، 1993، ج52، 402؛ الصفدي، 2000، ج12، 176، السبكي، 1986، ج9، 408)، هەروەها (احمد بن القاضي شمس الدين محمد بن عيسى الاخنائي)، گوێبیستی (ابن السقطي و الدمياطي) بوە، لەتەمەنی گەنجیدا کتێبی (التنبية)ی ئیمام مالیکی لەبەرکردوە، ئەهلی زانست و خو وڕەوشت بەرزی خۆش ویستوە، لە مانگی ڕەجەبی (739ک/1338ز) مردوە (ابن حجر، 1972، ج1، 345). فەقیهو قاضی (برهان الدين بن محمد الهذباني)، وەک باوکی لەسەر مەزەبی شافعی بوە، پاشان گۆڕیویەتی بۆ مالکی و (التنبية)ی لەبەرکردوە، فوقەهای مالکی بوە، زانایەکی دیار و پایە بەرزبوە (ابن حجر العسقلاني، 1969، ج1، 108)، فەقێ و زانایەکی درەوشاوە بو (ابن تغری بردی، 1984، ج1، 146-147)، کاریگەری مەزەبی مالیکی لەسەر ناوبراو بۆتە هۆی گۆڕینی مەزەبەکەی.

**دوەم: ئەدەب و زمان**

سەدەکانی ناوەڕاست، سەدەکانی گەشەسەندنی زمانی عەرەبییە، زمانی ئایین و زانستە جۆراوجۆرەکانە، بۆیە فێربونی ئەرکێکی گەورەی ئەوانە بو، کە ڕێگای زانستیان هەڵبژاردبو، کورد لەپاڵ نەتەوەکانی تر بایەخی بە زمانی عەرەبی داوە، لەناو کوردیشدا هەزبانییەکان تایبەت فوقەها و زاناکان

گرنگیان بە زمان داوە، بەنمونە (الحسن بن اسماعیل بن عبدالملک بن درباس) (618-676ک/1221-1277ز) ناسراو بە (أبو محمد ناصر الدین الهذبانی المارانی)، لە قاهیرە لەدایکبوە، ئەمەش بەڵگەی نیشتەجێبونی خانەوادەکەیەتی لە زەمەنێکی پێشوتردا، پشکداری لە بوارەکانی ئەدەب و پەخشاندا کردوە (الیونینی، 1992، ج3، 264)، لە قوتابخانەی (سیف الاسلام) لە قاهیرە مامۆستا بوە (الصفدی، 2000، ج11، 310)، بەڵگەی پێشینەی ڕۆشنبیری خانەوادەکەی دەسەلمێنێ بەتایبەت کە لە لقی مارانییە، چونکە ئەوان لە کایەی دادوەریدا لەڕۆژگاری ڕابردوشدا ناسراوبون (بڕوانە: حسین، 2017، 93-94).

هەر لەکایەی ئەدەبدا (جمال الدین عمر بن ابراهیم بن ابی بکر الهذبانی)مان هەیە، کە وەک ئەدیبێک ناوی هاتوە، بەڵام هیچی تر لەبارەیەوە نازانین، لە ساڵی (677ک/1278ز) لە قاهیرە کۆچی دوایی کردوە (المقریزی، 1997، ج2، 113، 115)، هەروەها (عز الدین محمد بن ابی الهیجاء بن محمد الهذبانی الاربلی)، بەمە توانیویەتی لەبواری ئەدەب و مێژودا بیر و هزری وەگەڕ بخات، بۆیە لەکایەی سیاسیدا وەک شارەزا و سیاسەتمەدار ناوی هاتوە (الذهبی، 1993م، ج52، 483-484؛ الصفدی،1997، ج5، 297-298)، هەرچی (الشیخ جمال الدین طه بن إبراهیم بن أبی بکر بن أحمد بن بختیار الهذبانی الإربلی)، لێهاتو و بەشکۆبوە لە بواری ئەدەب، لە هۆنراوەکانیدا نکۆڵی لە سەیرکردنی ئەستێرەکان کردوە (ابن تغری بردی، دون تاریخ، ج7، 281)، شاعیر بوە و لە یەکێک لە شعرەکانیدا دەڵێت: **"البیض أقتل في الحشا ... وبمهجتي منها الحسان"** (ابن کثیر، 1993، 904؛ الصفدی، 2000، ج16، 236)، هەروەها (الامام شهاب الدین محمود) لە مێژوی خۆیدا باسی کردوە و ستایشی کردوە و دەڵێت: لە شیعرەکانیدا ئەو شتانە هەیە، کە بۆ پاشای چاکەکار دەیخوێندەوە، هەروەها باسی حوکمی ئەستێرەکان و کرداری لەسەریان بۆ خۆی کردوە، ئەوەتا لە یەکێک لە هۆنراوەکانیدا دەڵێت:

**دع النجوم لطرقی یعیش بها ... وبالعزیمة فانهض أیها الملك**

**إن النبي وأصحاب النبي نهوا ... عن النجوم وقد أبصرت ما ملكوا**

**ومن نظمه أیضا في تفضیل البیض علی السمر.**

**البیض أقتل في الهوی ... وبمهجتي منها الحسان**

**والسمر إن قتلت فمن ... بیض یصاغ لها السنان**

**لە دو بەیتیەکی دیکەدا دەڵێت:**

**غنت فأجاب شدوها المزمار ... ألحان شج لما بها أوطار**

**ما أحسب إلا أن في نغمتها ... ألحان هوی تهیجها الأوتار انتهی** (ابن تغري بردی، 1984، ج7، 8-10).

هەزبانییەکان بەتەنها لەکایەی زانست و ئەدەبدا شوێنەواریان جێنەهێشتوە، بەڵکو لەبواری کەلەپوریشدا

خاوەن ڕاخەر و پۆشاكی تایبەت بەخۆیان بون، بە بەڵگەی ئەوەی لە دەقێكی مێژویدا ئاماژە بەو ڕاخەرە كراوە كە لە قوماشی هەزبانی دروستكراوە، دەسەڵاتدارانی سەردەمی مەمالیكەكان لەسەری دانیشتون، كۆڕ و دانیشتنەكانیان لەسەر ڕاخەری ناسراو بەناوی هەزبانییەوە گەرمتر كردوە (المقریزی، 1997، ج4، 191)، كە بەدیدی ئێمە دەشێت ئەم ڕاخەرە خزمەتی بە كۆڕە ئەدەبییەكان كردبێت.

## تەوەری دوەم: ڕۆڵی هەزبانییەكان لە دەوڵەتی مەمالیكی چەركەسیدا (784-923ك/1382-1517)[19]

هەروەك چۆن هەزبانییەكان لە سەردەمی مەمالیكی دەریاییدا، لە بەڕێوەبردنی دامودەزگاكانی دەوڵەت و پێشڤەچونە زانستییەكان بەشدارییان كردوە، بەهەمان شێوە لەسەردەمی دەسەڵاتی چەركەسییەكاندا كاروانی ژیارییان بەردەوامی هەبوە، لە بەڕێوەبردنی وڵات و كۆدوانی زانستیدا لاپەڕەكانی مێژویان بەخۆیانەوە سەرقاڵ كردوە، هەروەك لەمەی خوارەوەدا هاتوە:

**ڕۆڵی هەزبانییەكان لە دامودەزگا كارگێڕییەكاندا**

هەزبانییەكان لە ڕۆژگاری دێرینەوە، بە هۆكاری جیاواز هاتبونە شام و میسر و تیایدا نیشتەجێبون، بەتێپەڕبونی زەمەن، لەسەردەمە یەك لەدوای یەكەكانی فەرمانڕەوایانی شام و میسر، بەشدارییان لە بەڕێوەبردن و بنیاتنانی شارستانییەتدا كردوە، بۆیە لەدوای گواستنەوەی دەسەڵات لە مەمالیكی دەریای بۆ مەمالیكی چەركەسی لەساڵی (784ك/1382ز)، كورد وەك بەشێك لە پێكهاتەی كۆمەڵگای شامی و میسری، بەردەوامبون لە خزمەتكردنی یەكە كارگێڕییەكان، لە سایەی فەرمانڕەواییە نوێیەكەدا، لەو چوارچێوەیەدا كوردانی هەزبانی لە پۆستە جیاوازەكاندا، بەگوێرەی توانا و دەسەڵاتیان پشكداریان لە پێشخستنی ئەو وڵاتەدا كردوە.

پۆستی ویلایەت بە یەكێك لە پۆستە گرنگەكان دانراوە بەهۆی ئەو دەسەڵات و پێگەی كە هەیبوە، چەندین ویلایەت لە شام و میسر هەبون، كە هەندێكیان گەورە و ناوداربون، هەندێكیشیان بچوك، ئەمەش وایكردوە دەسەڵاتەكانیان لەیەكتری جیاوازبێت (القلقشندی، دون تاریخ، ج4، 23–24)، هەزبانییەكان لە سەردەمی مەمالیكی چەركەسیدا ئەم بەرپرسیاریەتیەیان وەرگرتوە، بەنمونە (محمد بن الهذبانی) لەساڵی (790ك/1388ز) وەك جێگری ویلایەتی (البهنسا) ناوی هاتوە (المقریزی،1997، ج5، 210؛ الصیرفی، 1970، ج1، 175)، ئەم ویلایەتە شارێك بوە لە ڕۆژئاوای نیل لە میسر (یاقوت الحموی، 1995، ج1، 516)، هەروەها (الامیر شهاب الدین احمد بن أسد الهذبانی الكردی) لەساڵی (802ك/1399ز) وەك والی قاهیرە

دەستبەکار بوە، بەڵام دواتر لابراوە لە هەمان ساڵدا (المقریزی، 1997، ج6، 18؛ الصیرفی، 1971، ج2، 46)، بەڵام هۆکاری لادانی نارونە (أسود، 2014، 46).

نوێنەرایەتی دەسەڵات یاخود جێگری دەسەڵات (نیابة السلطنة ونائب السلطة)، بەیەکێک لە پۆستە کارگێڕییە باڵاکان دانراوە لە ڕۆژگاری مەمالیکەکاندا، پەیوەستە بە (الدواوین) و پۆستەکانی دیکە، وەها پێناسەکراوە کە ڕاسپێردراوی جێگری سەڵتەنەت یان جێگرێکی متمانەپێکراوە (القلقشندی، دون تاریخ، ج4، 17؛ قادر، 2014، 35-36)، لە دیمەشق پێیگوتراوە جێگری شام (ابن کنان، 1991، 112؛ قادر، 2014، 36)، ئەو کاربەدەستە هەڵساوە بە جێبەجێکردنی کاروباری سوڵتان لەو ناوچەیە، زۆرێ لە نوێنەرایەتییە بچوکەکان پەیوەستی نوێنەرایەتی سەڵتەنەت بونە، هەروەها ئەرکی (نیابە) بو هەڵسێ بە جێبەجێکردنی برگە یاساییەکان و چاودێری فەرمانبەرانی وڵات و گرنگیدان بە باڵەخانەی وڵات، بەئاگابون لە نزیکەکانی لەوانەی لەژێر دەستی دابون، بە ئاگابون لە باس و خواسی دیمەشق و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی وڵات، پارێزگاریکردن لە ناوچە سنورییەکان و پەیرەوکردنی دادپەروەری (العمری، 1988، 94؛ قادر، 2014، 36)، لەم پایە گرنگەدا هەزبانییەکان بەشداربونە، هەروەک (الامیر ناصر الدین محمد احمد الهذبانی) پۆستی نوێنەرایەتی (نیابة السلطنة) لە شاری (حماة) لەساڵی (791ک/1388ز) وەرگرتوە، لەساڵی (824ک/1421ز) کۆچی دوایی کردوە (ابن قاضی شهبة، 1977، ج3، 291؛ قادر، 2014، 37). هەروەها (الامیر شرف الدین موسی بن الهذبانی) نوێنەرایەتی غەززە (نیابة غزة [20])ی لەساڵی (805ک/142ز) وەرگرتوە (ابن حجی، 2003، ج2، 552 قادر، 2014، 37)، لەهەمان ساڵدا گواستراوەتەوە بۆ نوێنەرایەتی ڕەحبە (نیابة الرحبة [21]) (ابن حجی، 2003، ج2، 583 ؛ قادر، 2014، 37).

هەروەها (الامیر رکن الدین زین الدین عمر بن الهذبانی)، لەماوەی سەدەی (9ک/15ز) جێگری سەڵتەنەت بوە، لەساڵی (803ک/1400ز) لە نوێنەرایەتی (حماة) لابراوە (المقریزی، 1997، ج6، 63؛ المقریزی، 2002م، ج2، 149؛ قادر، 2014، 37)، پاشان لە ڕوداوەکانی ساڵی (806ک/ 1403ز) نوێنەرایەتی لە کەرەک هەبوە، لەو ساڵەدا چۆتە زیارەتی (الملک الناصر فرج بن الملک الظاهر برقوق) (808-815ک/1339-1412ز)، پاشان لەساڵی (807ک/1404ز) لادراوە، لەبەرئەوەی تۆمەتبارکراوە بە دەرچون لە گوێڕایەڵی ناوبراو (المقریزی،1997، ج6، 98، 122؛ قادر، 2014، 38)، دوای لابردنی لە پۆستی ئەتابەکی دیمەشق لەساڵی (810ک/1407ز) لە هەمان ساڵدا کراوەتە نیابەی (حماة) (المقریزی، 1997،ج6، 175، 193، 230، 464؛ قادر، 2014، 38)، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ناوبراو دوجار پۆستی نوێەرایەتی لەو شارە وەرگرتوە، کە لەڕاستیدا ئەم دیاردەی زیاتر لەجارێک وەرگرتنی پۆستێک، لە شارێک لەلایەن کوردەکانەوە، لێرەو لەوێ بەدیمان کردوە لەو سەردەمە و پێشوتریش.

(الامیر جمال الدین یوسف الهذبانی) نزیکەی ساڵی (704ک/1304ز) لەدیمەشق لەدایکبوە، هەر لەوێ لەساڵی (802ک/1399ز) کۆچی دوایی کردوە، ناوبراو زیاتر لە جارێک بەرپرسیارێتی نوێنەرایەتی وەرگرتوە، دواجاریش لەساڵی (801ک/1398ز) نیابەی قەڵای دیمەشق بوە (المقریزی، 1997،ج6، 435؛ ابن حجر العسقلانی، 1969، ج2، 132)، وادیارە ناوبراو لە نەوەی ئەو هەزبانیانەیە، کە پێشتر بەهۆکارێکی دیاری کراو کۆچیانکردوە بۆ وڵاتی شام، لەوێ لەدایکبوە و پێگەیشتوە، کەواتە بەو هۆیەوە کاریگەری دابونەریتی خەڵکی ئەو ناوچەیەی هەڵگرتوە و هەندێکیشی پەیڕەوکردوە.

کەسایەتییەکی دیکە (الامیر علاء الدین أقبغا الجمالی بن عبدالله الهذبانی) ناسراو بە (الاطروش)، لەساڵی (796ک/1393ز) وەک یەکێک لە میرەکانی حەلەب پۆستی نیابەی صفدی پێبەخشراوە (المقریزی، 1997، ج5، 360؛ ج6، 103؛ ابن تغری بردی، 1983، ج1، 137؛ الغزی، 1419هـ ج3، 163، 174)، لەساڵی (799ک/1396ز) لە نیابەی صفد گواستراوەتەوە بۆ نیابەی طرابلس، تاوەکو ساڵی (801ک/1338ز) بەردەوام بوە، وەلێ لەو ساڵەدا گواسترایەوە بۆ نیابەی حەلەب (المقریزی، 1997، ج5، 407، 432؛ ج6، 103؛ ابن تغری بردی، دون تاریخ، ج12، 283)، لەساڵی (803ک/1400ز) وەک جێگری شام و نوێنەری غەززە ناوی هاتوە (المقریزی، 1997، ج6، 39؛ ابن تغری بردی، دون تاریخ، ج12، 231)، لەساڵی (804ک/1401ز) کراوەتە ئەتابەکی دیمەشق (المقریزی، 1997، ج6، 72)، بەڵام گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و لەجیاتی (أرغون شاە) خراوەتە زیندان، لەبەرئەوەی یارمەتی والی دیمەشقی دابو، پاشان ئازادکراوە و کرایە (نیابە)ی طرابلس لەساڵی (804ک/1401ز)، دواتر بۆ حەلەب گەڕێنرایەوە و بۆ ماوەی چل ڕۆژ وەک نیابەی ئەوێ کاری کردوە (السخاوی، دون تاریخ، ج2، 316)، پاشان لە ساڵی (806ک/1403ز) وەک جێگری حەلەب ناوی هاتوە (المقریزی، 1997، ج6، 103؛ ابن تغری بردی، 1983، ج1، 137؛ الغزی، 1419هـ ج3، 163، 174)، کاتێک جێگری حەلەب بوە، ویستی سەردانی دیمەشق بکات، بەڵام کۆمەڵێک لە میرەکانی حەلەب لە دژی ڕاپەڕیون و کەوتنە جەنگ لەگەڵی، بەڵام میری هەزبانی توانی تێکیان بشکێنێ و هەندێکیان بەدیل بگرێت، ئنجا بەرەو دیمەشق چوە، بەڕێزەوە پێشوازی لێکراوە (ابن تغری بردی، دون تاریخ، ج12، 199)، بەڕامان لەو ئاڵوگۆڕە کارگێڕیانەی لە پۆستی ناوبراو لە ناوچەیەکەوە بۆ فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی دیکە، درک بە پەشێویەکی کارگێڕی و نەبونی ئارامی و ئاسایشی وڵات دەکەین، کە دەشێ لە سایەی ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان ئەوە ڕویدابێت.

کەسایەتیەکی دیکەی کوردی هەزبانی (الامیر غرس الدین خلیل الهذبانی)، نوێنەری صهیون (نیابة صهیون [22]) بوە، پێش ساڵی (840ک/1436ز) بەردەوام بوە تاوەکو لەو ساڵەدا مردوە (المقریزی، 1997، ج7، 326؛ قادر، 2014، 38).

پایەکی دیکەی کارگێڕی پەردەدار (الحجابة)ە، پۆستێکی کارگێڕی باڵا بوە، لەڕۆژگاری دەسەڵاتی مەمالیکی چەرکەسی دا و دەسەڵاتێکی فراوانی هەبوە، بەنمونە لەدەسەڵاتی دابو ڕێگەبدات یان نەدات خەڵکی بچنە دەرباری سوڵتان، لەدوای جێگری سوڵتان پێگەی دوەمە، کە هەڵدەستا بە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان میرەکان و سەربازەکان، بەبێ لایەنگریکردن، زۆرجاریش ڕاوێژی بەسوڵتان و جێگرەکەی کردوە، بەهۆی پێگەکەی هەندێ جار شوێنی جێگری سوڵتانی گرتۆتەوە لەڕایکردنی کاروبارەکاندا (القلقشندی، دون تاریخ، ج4، 20؛ قادر، 2014، 48–49)، هەزبانییەکان لە ڕۆژگاری مەمالیکی چەرکەسیدا، ئەم پۆستەیان وەرگرتوە، بەنمونە (الامیر شرف الدین موسی الهذبانی)، دوجار پایەی پەردەداری دیمەشقی وەرگرتوە، جاری یەکەم لەساڵی (785ک/1402ز) (ابن حجی، 2003، ج2، 586؛ قادر، 2014، 49)، جاری دوەم لەساڵی (807ک/1404ز) بۆ هەمان کار ڕاسپێردراوە (المقریزی، 1997، ج6، 118؛ ابن تغری بردی، دون تاریخ، ج12، 310؛ قادر، 214، 49)، هەوڵی ئاشتەوایی لەنێوان میرەکانی حەلەب و میسر داوە، کە لە ئاکامی ناکۆکی ناوخۆیی دوچاری هاتبون (المقریزی، 1997، ج6، 121).

هەرچی (الامیر رکن الدین زین الدین عمر بن الهذبانی)ە، لە ساڵی (809 ک/1406ز) لە شام پەردەدار بوە (ابن حجی، 2003، ج2، 752؛ قادر، 2014، 50)، لەساڵی(812ک/1409ز) بۆ جاری دوەم لادراوە لەپۆستی کارگێڕی (ابن حجی، 2003، ج2، 877؛ أسود، 2014، 50)، جارێکی دیکە لەساڵی (816ک/1413ز) لەشاری حەلەب پۆستی (حاجب الحجاب)ی وەرگرتوە (المقریزی، 1997، ج6، 350؛ قادر، 2014، 50)، دواتر لەساڵی(821ک/1418ز) دورخراوەتەوە بۆ تەرسوس، پاشان وەک نوێنەری جێگری سوڵتان لە (بهنسا [23]) جێگیربوە (المقریزی، 1997، ج6، 464؛ قادر، 2014، 50).

(الامیر علاء الدین أقبغا الجمالی بن عبدالله الهذبانی)، دوای گەڕانەوەی بۆ ناوچەیەک لە کەرەک پایەی (الحجوبیة الکبری)ی لە حەلەب وەرگرتوە (ابن تغری بردی، 1983، ج1، 137؛ السخاوی، دون تاریخ، ج2، 316)، دواتر دورخراوەتەوە، پاشان لەگەڵ مەمالیکی برقوق دوردەخرێتەوە بۆ وڵاتی شام، کاتێک (الملک الظاهر برقوق) لە زیندانی کەرەک دەچیتە دەرەوە، داوای گێڕانەوەی ناوچەی خۆی لە میر (کمشبغای الحموی) جێگری حەلەب دەکات، بەڵام جێگری حەلەب ڕازی نابێت و دەبێتە شەڕیان، (اقبغا) لایەنگری (الملک الظاهر برقوق) بو لە جەنگ و نەهامەتییەکاندا، (الملک ظاهر برقوق) دەیکات بە نوێنەری خۆی لە حەلەب، هەروەها دەبێت بە پەردەداری حەلەب، پاش ماوەیەک لە (صفد[24]) نوێنەری پادشا دەبێت، دواتر دەگوازرێتەوە بۆ (طرابلس)، بەردەوام بەپرسیارێتی ئەم کوردە هەزبانییە لە هەڵکشان و داکشاندا بوە، تاوەکو لەساڵی (806ک/ 1403 ز) بەنەخۆشی مردوە (ابن تغری بردی، 1984، ج2، 472؛ ج5، 312؛ السخاوی، دون تاریخ، ج2، 316)، هەروەها لەساڵی (791ک/1388ز) (ابن قفجق ابن جمال الدین الهذبانی

الكردی) پۆستی پەردەداری وەرگرتوە، لەبەرامبەردا بڕی (800هەزار درهەمی) لێ وەرگیراوە، کەچی ماوەیەکی کەم لەو پۆستەدا ماوەتەوە، پاشان بەگوێرەی مەرسومێک بەرزکراوتەوە بۆ قەڵا (ابن قاضی شهبة، 1977، ج3، 262)، هەرچەندە دیارینەکراوە مەبەست کام قەڵایەیە، بەڵام بەگوێرەی ڕوداوەکان وای بۆ دەچین قەڵای دیمەشق بێت.

لەڕاستیدا چەندان پۆستی دیکەی کارگێڕی هەن لە دەوڵەتی مەمالیکی چەرکەسیدا، کەوا کوردانی هەزبانی پێیگەیشتون، لەو ڕێگەیەوە خزمەتیان بە شارستانییەت کردوە، بەنمونە پۆستی (الطبردارية=تەوردار) یەکێکە لەو پۆستانەی کە میری تەور هەڵگر لەپێشەوەی یەکەی تەور هەڵگر بوە لەکاتی ڕۆشتنی سوڵتان (القلقشندی، دون تاریخ، ج5، 434)، بەنمونە (ناصر الدين محمد بن احمد الهذبانی الكردی) ماوەیەک لە قاهیرە تەبەردار بوە، ناوبرا پەیوەستی کۆڕی زانایان بوە و دیندار و چاکەکاربوە، نوێژی بەیانیانی لە (جامع الازهر) کردوە، بە بازرگانیکردن بە کاڵا پارەی پەیداکردوە، لەساڵی (824ک/1421ز) مردوە (ابن حجر، 1969، ج3، 263؛ السخاوی، بدون تاریخ، ج7، 128)، بێگومان ئەم هەڵوێستەی ئەم بەرپرسە کوردە لە هەمبەر ئایین و بەراوردکردنی بە بەرپرسانی ئێستا ڕەفتارێکی زێدە سەرنج ڕاکێشە و تەواو جیاوازە. هەروەها (الامیر شهاب الدين احمد بن أسد الهذبانی الكردی) ساڵی(801ک/1398ز) لە ویلایەتی (منوفیه[25]) تەبەردار بوە (المقريزی، 1997، ج5، 457؛ ج6، 5). لەبواری سەربازیشدا کوردانی هەزبانی بەرپرسیارەتی شوێنە گرنگەکانیان وەرگرتوە، بەنمونە (الامیر صارم الدين إبراهيم الهذبانی) ڕۆڵی لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی وڵاتدا بینیوە، لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتی هەبوە، لەساڵی (842ک/1438ز) جێگری قەڵای (صهيون) بوە، لەهەمان ساڵ مردوە (المقريزی، 1997، ج7، 421؛ ابن تغری بردی، دون تاریخ، ج15، 326).

چاودێری پۆستێکی دیکەی گرنگی سەردەمی مەمالیکی چەرکەسییە، کە هەزبانییەکان لەو یەکە کارگێڕیەشدا خزمەتیان نواندوە، بەنمونە (القاضي محيي الدين الإخنائي) کەسایەتییەکی ئایینی بوە، لەکۆڕوکۆبونەوەی پیاوچاکان و زانایانی ئایینی بەشداری کردوە، لەساڵی(18جمادی کۆتایی895ک/1489) ناوی وەک (نائب الناظر) لە نەخۆشخانەی نوری لە دیمەشق هاتوە، وەلێ هەندێ جار خزمەت و تێکۆشانیان بۆ خەڵکی ناوچەکە بەخراپە بەسەریاندا شکاوەت، چونکە لەبری ڕێزلێنانیان دوچاری کێشە هاتون و لەگەڵ خەڵکی هەژار و نەداردا تێکئاڵاون، لەپاڵ هەمو ئەوانەدا باس لەژیانی خێزانی (محيي الدين الهذبانی)کراوە، کە هەڵساوە ئیبراهیمی کوڕی بە نهێنی خەتەنە کردوە و کەسیش نەیزانیوە (ابن طولون، 1998، 13، 16-18، 35، 95)، وەلێ نازانین مەبەست لە خستەڕوی ئەو بابەتە لاوەکییە لە سەرچاوەکاندا چییە؟ کە بۆ ئێمە جێگەی پرسیارە.

هەروەها (الامیر اسد الهذبانی الکردی) لە فەرمانڕەواکانی حەلەب بوە، لەساڵی(785ک/1338ز) بەهۆی سکاڵای بازرگانەکان لە دژی، بەفەرمانی سوڵتان دەستبەسەر کراوە، ماوەی چەند ڕۆژێک خراوەتە زیندان لە قەڵای جەبەل، پاشان ئازادکراوە و بەخششێکی هەزاری لە طرابلس پێدراوە (المقریزی،1997، ج5، 149؛ ج6، 18؛ الصیرفی، 1970، ج1، 65).

لەکایەی دادوەریشدا هەزبانییەکان ئەستێرەیەکی درەوشاوەی، شارستانییەتی سەردەمی دەسەڵاتدارێتی چەرکەسیەکانن، بەتایبەت بنەماڵەی ئەخنائی، بەنمونە (محمد بن محمد بن عثمان بن محمد بن احمد السعدی الاخنائی الهذبانی (757–816ک/1357–1404ز)، ناسراو بە (أبو عبدالله شمس الدین الدمشقی)، لەدیمەشق لەدایکبوە، موفتی و مامۆستا و شافعی مەزەب بوە، وەک مامۆستا وانەی گوتۆتەوە، بەهۆی لێهاتویی پایەی دادوەری دادوەرانی وەرگرتوە، بۆ چەند ساڵێک دادوەری غەززە و حەلەب و دیمەشق و خاکەکانی میسری دانا، هەروەها لە هەندێ شار نوێنەری حوکم بوە، بەنمونە نوێنەری دیمەشق بوە، لە نێو سەرۆک و کەسایەتییە دیارەکانی دیمەشقدا هەژمار کراوە، پێگەیەکی بەرزی هەبوە (ابن تغری بردی، دون تاریخ، ج14، 125)، هەروەها (محمد بن عبد الواحد بن محمد بن احمد بن ابی بکر بن عیسی الاخنائی الهذبانی)، لەسەر مەزەبی مالیکی بوە، جێگری فەرمانڕەوا بوە، یەکێک بو لە باشترین دادوەرەکان، لەساڵی (830ک/1427ز) لە مەککە مردوە (ابن حجر العسقلانی، 1969، ج3، 394)، کەسایەتیەکی دیکە (أحمد بن محمد بن محمد بن محمد بن أبي بكر بن عيسى بن بدران)ە، ناسراو بە (القاضي علم الدين الأخنائي)، یەکێک بوە لە نوێنەرانی حکومەت لە قاهیرە، فەقێیەکی فەزیلەتدار بوە، ئاگاداری بنەماکانی عەقیدەکەی بوە، لە خانەوادەیەکی زانست پەروەر و گەورەدار بوە، چەند ساڵێک لە دەسەڵات بوە، خاوەنی سەروەت و سامان و ئاکار جوان بوە، لەساڵی (842ک/ 1439ز)مردوە، (ابن تغری بردی، دون تاریخ، ج2، 145–146).

لەساڵی (791ک/1388ز) (أقبغا الجمالی الهذبانی) وەک میری (اخور[26]) ناوی هاتوە، لەساڵی (792ک/1389ز) کراوەتە ئەتابەکی حەلەب (المقریزی، 1997، ج5، 238–239). لەکۆواری پایە کارگێڕییەکاندا گەیشتین بەوەی، کە هەزبانییەکان پێکهاتەیەی گرنگی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی مەمالیکی چەرکەسی بون، هەندێکیان بەباشە ناویان لەسەرچاوەکان تۆمارکراوە، بەڵام لەبەرامبەردا ڕێژەیەکی کەمیشیان وەک دەسەڵاتدارێکی خراپەکار ناویان براوە.

## پشکی هەزبانییەکان لە کایەی زانستدا.

لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی مەمالیکی چەرکەسیدا، کوردەکان بەگشتی دەورێکی گرنگیان بینیوە، لەبەرئەوەی لە ڕۆژگاری دەوڵەتی ئەیوبی و مەمالیکی دەریایی دا، پێگەیان بەرز بوە، بۆیە ئەزمونیان لە دەوڵەتداری و پێشکەوتنە زانستیەکاندا پەیداکردوە، هەر بۆیە لەسەردەمی مەمالیکی چەرکەسیدا، بەشێوەیەک

لە شێوەکان بەردەوام بون، چەندین کەسایەتی لە بوارە جیاوازەکاندا دەرکەوتن، لەوانەش: (عثمان بن علی بن عثمان الهذبانی الکردی)، فەقیە و چاکەکاربوە، لەگەڵ هاوولاتییاندا کۆبۆتەوە و هانیداون بۆکاری چاکە، لە ساڵی (3محرمی701ک/1301ز) کۆچی دوایی کردوە (ابن حجرالعسقلانی، 1972، ج3، 254)، لەڕاستیدا ئاماژە بە کایەی زانستەکەی نەکراوە، بەڵام بەگوێرەی ئەوەی فەقیە بوە، کەواتە دەبێت شارەزایی لە قورئان و فەرمودەدا هەبوبێت، وەلێ شوێنەکەی چۆڵ نەبوە، چونکە (یحیی) کوڕی (679-743ک/1280-1342ز) شوێنی گرتۆتەوە، لەڕێگەی گوێگرتن لە زانایان ئاوێتەی دونیای زانست بوە (الفاسی، 1990، ج2، 303-304)، پاشان خانەی (دار الحدیث الاشرفیه[27])ی وەرگرتوە، هەڵساوە بە خێرات و دادپەروەری لەنێو خەڵکیدا (ابن حجر العسقلانی، 1972، ج6، 190)، تێبینی ئەوە دەکرێت کە دەربارەی ساڵی لەدایکبونی جیاوازی هەیە هەروەک (ابن حجر) بە ساڵی(669ک/1270ز) دیاری کردوە (ابن حجر العسقلانی، 1972، ج6، 190)، بەڵام نازانین ناوبراو پشتی بە کام سەرچاوە بەستوە، لەکاتێکدا (الفاسی) بیست ساڵ پێش ناوبراو مردوە، کەچی ساڵی(743ک/1342ز) بەساڵی مردنی دیاریکردوە.

هەروەها (صوفی ناصرالدین محمد بن موسی الهذبانی الموصلی) (777-860ک/1375- 1456ز) لە دیمەشق لە دایکبوە، لەوێ گەورە بوە، لە منداڵیەوە خوی داوتە تەسەوف، لە (ابی بکر الموصلی) باپیریەوە تەسەوفی وەرگرتوە، لەو بوارەدا چەند دانراوی داناوە (السخاوی، دون تاریخ، ج10، 65) لە نمونەی کتێبی (فتوح الوهاب ودلائل الطلاب الی منازل الاحباب)ە (البغدادی، دون تاریخ، ج2، 200)، دوای گەڕانم بۆ دۆزینەوەی کتێبەکە و بەردەستبونی لە ئێستادا، دواجار لە سایتێک بەناوی:

(JUMA ALMAJID CENTER FOR CULTURE & HERITAGE) بە ژمارە (238799)هەیە، کە (دار الکتب الظاهرية) چاپیکردوە 5384 (www.almajidcenter.org/)، بەداخەوە نەمان توانی کتێبەکە بکەینەوە و بیخەینە بەردەست یاخود بزانین ناوەڕۆکی کتێبەکە باس لە چی کراوە.

**ئاواکاری**

ئاواکاری بە یەکێک لە لێکەوتە هەرە گرنگەکانی کورد، لە شارستانییەتی دەوڵەتی مەمالیکدا دادەنرێت، بەوەی پشکداریەکی کارایان لە دروستکردنی مزگەوت و خانەقا و خوێندنگا و نەخۆشخانە و گەرماو و بازاڕ و گۆڕستان و..هتد دا کردوە (بڕوانە: المقریزی، 1418هـ ج1، ؛ ج2، 17، 259؛ ج3، 149-155؛ ج4، 4، 22، 302، 315، 339)، شوێنەوارەکان گەوهایدەری ئەو ڕاستیەن، هەروەک ئاماژە بە بونی (حمام الهذبانی) کراوە لە حەلەب (سبط ابن العجمی، 1417هـ ج1، 354)، بێگومان ئەمە گوزارشتێکی ئاشکرایە لە پابەندبونی کورد بە خزمەتگوزاری پاک و خاوێنی. هەروەها ئاماژە بە (دار ابن الهذبانی)یش پێکراوە (سبط ابن العجمی، 1417هـ ج1، 492)، بەڵام نازانین مەبەست ماڵی کەسێکی هەزبانییە، یاخود دامەزراوەیەکی

خزمەت گوزاری بوە، لەلایەکی دیکە (جامع الاطروش) (سبط ابن العجمی، 1417هـ ج1، 246)، کە لەلایەن (أقبغا الاطروش)ی هەزبانی ئەوکاتەی جێگری حەلەب بوە، لەساڵی (801ک/1398ز) دەستی بە بنیاتنانی کردوە، بەڵام دوای ئەوەی دورخراوەتەوە بۆ طرابلس و دیمەشق، وادیارە کارەکەی بە تەواونەکراوی ماوەتەوە، بۆیە کاتێک لەساڵی (806ک/1403ز) دەگەڕێتەوە بۆ حەلەب، دەست دەکات بە تەواوکردنی بیناکە، لەسەر دەرگای بەشی باکوری نوسراوە **"عمر هذا الجامع المبرور ابتغاء لوجه الله تعالى المقر الأشرف العالى المولوى العالمى العادلى المخدومى الكافلى السيفى دمرداش الناصرى مولانا ملك الأمراء كافل المملكتين الشريفيتين الحلبية والطرابلسية أعز الله أنصاره وضاعف اقتداره بمحمد وآله بتولى العبد الفقير إلى الله تعالى يوسف الأشرفى وكان الفراغ منه بشهر شعبان المكرم سنة 812"** (الغزی، 1419هـ ج2، 283-284)، ناوبراو لەشەوی هەینی(17جمادی دوەمی 806ک/1403ز) کۆچی دواییکردوە، لەنێو ئەو مزگەوتەدا نێژراوە کە دروستی کردوە، بە کەسێکی هێمن و ژیر و چاکەکار و شێخی هەندێک لە ناودارانی ئەو ڕۆژگارە ستایشکراوە (سبط ابن العجمی، 1417، ج2، 246-247؛ السخاوی، دون تاریخ، ج2، 316).

کاتێک (الامیر علاء الدین علی بن ناصر الدین الهذبانی) لەساڵی (809ک/1406ز) نوێنەرایەتی قودسی وەرگرت هەڵسا بەدروستکردنی خوێندنگای (الصبیبیة) لە قودس (العلیمی، دون تاریخ، ج2، 38؛ علی، 1983، ج6، 119)، هەروەها (قازی شمس الدین محمد بن فخر الدین الاخنائی) لە ساڵی (816ک/1413ز) مردوە، هەڵساوە بە دروستکردنی (دار القران الاخنائیة) لەسەر پاشماوەی بینای ڕوخاوی (دار الرشاشیة) (النعیمی، 1973، 13-14؛ قتیبة الشهابی، 1999، ج2، 168)، هەرچی (ناصر الدین محمد بن موسى الهذبانی(777-863ک/1375-1458ز)ە، هەڵساوە بە دروستکردنی خەڵوەتگا (الزاویة) لە (المیدان الحصى) لە دیمەشق لەناوچەی (القبیبات)، کە شوێنی خوداپەرستی سۆفیەکان بو، هەمو هەفتەیەک وانەی تەسەوفیان دەخوێند و خوداپەرستیان تێدا ئەنجام دەدا (ابن القیصری، دون تاریخ، 7؛ السخاوی، دون تاریخ، ج10، 65)، لە کۆواری ئەم زانیاریانەدا، دەتوانین بڵێین، کاروانی ژیاری هەزبانییەکان فرەچەشنە و گەلێکی دیکە هەڵدەگرێت لەبارەیەوە بدوێین، بەڵام کۆت و بەندی ڕێنماییەکان لەوە زیاتر ڕێگەمان پێنادات خامەمان بەردەوامبێت.

**ئەنجام**

1- هەزبانی هۆزێکی گەورەی کوردە و لە چەند تیرە و لقی جیاجیا پێکهاتوە، هەریەکە لەو تیرانە مێژویەکی تایبەت بەخۆیان هەیە، لەکایەی سیاسی و سەربازی و بنیاتنانی شارەستانییەتدا، مێژویەکی درەوشاوە و دیاریان لە ڕابونی کورد، لە سەدەکانی ناوەڕاست لە جیهانی ئیسلامیدا تۆمار کردوە.

2- هەزبانییەکان بە ناوچەیەکی فراوانی جوگرافیدا لە جیهانی ئیسلامی بڵاوبونەتەوە، کە لە ئاران و ئازربیجانەوە درێژ دەبێتەوە بۆ شام و میسر، ئەمەش بەڵگەی گەورەیی هۆزەکە و کارایيان لە مەیدانی سیاسی و زانستی و ڕۆشنبیری دا بە پێوەرەکانی ئەوکات دەردەخات.

3-لە بواری بەڕێوەبردن و دامەزراوەکانی وڵات و بیاتنانی شارستانییەتێکی ڕێکخراودا، پشکداریان کردوە و لەگەڵێک پایەی کارگێڕیدا خزمەتیان کردوە.
4-لەکایەی زاست و بنیاتنانی مەعریفەدا، گەلێک کەسایەتی هەزبانی لە سەرچاوەکانی مێژوی ئیسلامی بەسەرهات و ڕۆڵیان تۆمار کراوە، تایبەت لە زانستەکانی فەرمودە و فقهو ..هتد، هەروەها لەبواری ئەدەبیشدا خزمەتێکی دیاریان بە ئەدەبیاتی ئیسلامی لەوسەردەمەدا کردوە.
5-لەبواری ئاواکاریشدا ئەوان دڵ سەخاوەت و هزرێکی کارای ناو شارستانییەتی شام و میسرن.

# Contribution and involvement of Hazbans in islamic civilization(648_923H/1250_1517AD), Bahri and Charkas mamluks era as an illustration, Historical Analysing research

**Hussein Abdalrahman Hussein**

Department of History, College of Humanitis, University of Raparin, Rania, Kurdistan of Region, Iraq.

## Abstract

Al-Hazbany played a significant role in building and managing authority during the Middle Ages, establishing a Kurdish emirate within the Islamic state. Their influence extended beyond their homeland, as they journeyed thousands of kilometers towards Egypt and the Levant, actively participating in state affairs. Notably, the tribe made substantial contributions to scientific development, particularly during the eras of the Bahri Mamluks and Circassian kingdoms. The research comprises an introduction and two sections. The introduction sheds light on the origins of the Al-Hazbany tribe, their geographical presence, and their early political engagements, Especially in the Kurdistan regions, because they started their first political and military uprising in Kurdistan. The first section explores the multifaceted role of the tribe in the Bahri Mamluks kingdoms, covering administrative, scientific, religious, and literary aspects, Because with the disappearance of Ayyubid rule, the Hazbanis continued to provide scientific and administrative services. In the second section, the focus shifts to the Circassian kingdoms, providing insights into the administrative and scientific roles of the Hazbanys and their significant contributions to reconstruction. We note that during this period the Kurdish Hazbanis paid attention to the aspect of prayer، for example, the construction of mosques, scientific sites and even places known by their names, but it is not known why they were used.

**Keywords:** Al-Hazbany, Bahri Mamluks, Circassian Mamluks, civilization

## لیستی سەرچاوەکان

ابن الأثير، أبو الحسن عزالدين بن على الشيبانى الجزرى، (1997)، الكامل فى التاريخ، تحقيق: عمر عبد السلام تدمرى، بيروت، الناشر: دار الكتاب العربى.

الأصطخرى، أبو اسحاق محمد بن ابراهيم (2004)، مسالك الممالك، بيروت، دار صادر.

البدليسى، الامير شرفخان، (2001)، الشرفنامة فى تأريخ الدول والإمارات الكردية، ترجمة: محمد جميل ملا احمد روزبيانى، ط2، اربيل، مطبعة مؤسسة موكريانى.

ابن تغرى بردى، جمال الدين أبو المحاسن يوسف، (دون تاريخ)، النجوم الزاهره فى ملوك مصر والقاهره، مصر، دار الكتب.

ابن تغرى بردى، جمال الدين أبو المحاسن يوسف، (1983)، الدليل الشافى على منهل الصافى، تحقيق: فهيم محمد شلتون، القاهره، دون مطبعة.

ابن تغرى بردى، جمال الدين أبو المحاسن يوسف، (1984)، المنهل الصافى والمستوفى بعد الوافى، تحقيق: محمد محمدأمين، القاهره، الهيئه المصريه العامه للكتاب.

الجويني، أبو محمد عبدالله يوسف(2004)، الجمع والفرق (أو كتاب الفروق)، تحقيق: عبد الرحمن بن سلامة بن عبد الله المزيني، الناشر: دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت.

ابن حجر العسقلانى، شهاب الدين أحمد بن على بن محمد، (1969)، إنباء الغمر بأبناء العمر، تحقيق: حسن حبشى، مصر، الناشر: المجلس الأعلى للشئون الإسلامية.

ابن حجر العسقلانى، شهاب الدين أحمد بن على بن محمد، (1972)، الدرر الكامنة فى أعيان المائة الثامنة، تحقيق: محمد عبدالمعين خان، حيدر أباد.

ابن حجر العسقلانى، شهاب الدين أحمد بن على بن محمد، (1998)، رفع الإصر عن قضاة مصر، تحقيق: علي محمد عمر، القاهرة، الناشر: مكتبة الخانجي.

ابن حجى، شهاب الدين ابى العباس أحمد بن حجى السعدى، (2003)، تاريخ ابن حجى، ضبط النص وعلق عليه: أبو يحيى الكندرى، بيروت، دار ابن حزم.

ابن حوقل، أبوالقاسم بن حوقل النصيبى، (1938)، صورة الأرض، أفست ليدن، بيروت، الناشر: دار صادر.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد، (1981)، العبر وديوان المبتدأ والخبر فى أيام العرب والعجم والبربر ومن عاصرهم من ذوى الشأن الاكبر (تاريخ ابن خلدون)، تحقيق: خليل شحادة، بيروت، دار الفكر.

ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن أبى بكر، (ج3، 1990؛ ج7، 1994)، وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، تحقيق: إحسان عباس، بيروت، دار صادر.

الذهبى، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان، (1985)، العبر فى خبر من غبر، تحقيق: أبوهاجر محمد سعيد بن بيسونى زغلول، بيروت، دار الكتاب العامه.

الذهبى، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان، (1988)، معجم الشيوخ الكبير للذهبي، تحقيق: محمد الحبيب الهيلة، الطائف – المملكة العربية السعودية، الناشر: مكتبة الصديق.

الذهبى، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان، (1993)، تاريخ الاسلام و وفيات المشاهيد والاعلام، تحقيق: عمر عبد السلام تدمرى، ط2، بيروت، دار الكتاب العربى.

السبكی، تاج الدين عبدالوهاب بن تقی الدين، (1986)، طبقات الشافعية الكبری، تحقيق: محمود محمد الطناحی –عبدالفتاح محمد الحلو، بيروت، دار إحياء الكتب العربيه.

سبط ابن العجمی، احمد بن ابراهيم بن محمد بن خليل، (1417)، كنوز الذهب فی تاريخ حلب، حلب، دار القلم.

السخاوی، شمس الدين أبو الخير محمد بن عبد الرحمن بن محمد، (دون تاريخ)، الضوء اللامع لأهل القرن التاسع، بيروت، الناشر: منشورات دار مكتبة الحياة.

السيوطی، جلال الدين عبدالرحمن بن أبی بكر، (دون تاريخ)، بغية الوعاة فی طبقات اللغويين والنحاة، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، صيدا، الناشر: المكتبة العصرية.

السيوطی، جلال الدين عبدالرحمن بن أبی بكر، (1967)، حسن المحاضرة في تاريخ مصر والقاهرة، تحقيق : محمد أبو الفضل إبراهيم، مصر، الناشر: دار إحياء الكتب العربية.

ابن الشعار، أبو البركات كمال الدين المبارك بن أبی بكر الموصلی، (2005)، قلائد الجمان فی فرائد شعراء هذا الزمان، تحقيق: كامل سلمان الجبوری، بيروت، دار الكتب العلميه.

الغزی، كامل بن حسين بن محمد بن مصطفی، (1419)، نهر الذهب فی تاريخ حلب، ط2، حلب، الناشر: دار القلم.

الصفدی، صلاح الدين خليل بن أيبک، (1997)، أعيان العصر وأعوان النصر، تحقيق: علی أبو زيد وأخرون، دمشق، دار الفكر.

الصفدی، صلاح الدين خليل بن أيبک، (2000)، الوافی بالوفيات، تحقيق: أحمد الارناؤط وتركی مصطفی، بيروت، دار إحياء التراث العربی.

الصفدی، صلاح الدين خليل بن أيبک، (2007)، نكث الهميان في نكت العميان، علق عليه و وضع حواشيه: مصطفی عبدالقادر عطا، بيروت، الناشر: دار الكتب العلمية.

ابن طولون، شمس الدين محمد بن علی، (1998)، مفاكهة الخلان في حوادث الزمان، وضع حواشيه: خليل المنصور، بيروت، الناشر: دار الكتب العلمية.

العليمی، ابو اليمن مجير الدين عبدالرحمن بن محمد، (دون تاريخ)، الأنس الجليل بتاريخ القدس والخليل، تحقيق: عدنان يونس عبد المجيد نباتة، عمان، الناشر: مكتبة دنديس.

العمری، شهاب الدين أحمد بن فضل الله، (1988)، التعريف بالمصطلح الشريف، تحقيق: محمد حسين شمس الدين، بيروت، الناشر: دار الكتب العلمية.

العمری، شهاب الدين أحمد بن فضل الله، (1988)، مسالک الآبصار فی ممالک الآمصار، تحقيق: عبدالقادر خريسيان، الامارات، دون مطبعة.

العينی، بدر الدين محمود، (2010)، عقد الجمان فی تاريخ اهل الزمان، تحقيق: محمد محمدامين، قاهرة، دار الكتاب والوثائق القومية.

الفاسی، محمد بن احمد بن علی، (1990)، ذيل التقييد فی رواة السنن والأسانيد، تحقيق: كمال يوسف الحوت، بيروت، دار الكتب العلمية.

الفاسی، محمد بن احمد بن علی، (1998)، العقد الثمين فی تاريخ البلد الأمين، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، بيروت، الناشر: دار الكتب العلمية.

أبو الفداء، الملک مؤيد عمادالدين إسماعيل بن علی بن محمود الايوبی، (2006)، تقويم البلدان، القاهرة، مكتبة الثقافة الدينية.

ابن قاضي شهبة، تقى الدين ابى بكر بن أحمد، (1977)، تاريخ ابن قاضى شهبة، تحقيق: عدنان درويش، دمشق، دون مطبعة.
القلقشندى، أحمد بن على، (دون تاريخ)، صبح الأعشى فى صناعة الإنشاء، بيروت، الناشر: دار الكتب العلمية.
ابن القيصرى، محمد بن موسى ناصرالدين، (دون تاريخ)، ديوان فى الحقائق والاسرار الالهية والاحوال والمقامات السلوكية، تحقيق: عاصم ابراهيم، بيروت، كتاب ناشرون.
الكتبى، محمد بن شاكر بن أحمد الحلبى، (1974)، فوات الوفيات، تحقيق: إحسان عباس، بيروت، الناشر: دار صادر.
الكتبى، محمد بن شاكر بن أحمد الحلبى، (ج20، 1980؛ ج21، 1984)، عيون التواريخ،تحقيق: نبيلة عبد المنعم داود وفيصل السامر، بغداد، دار الحرية.
ابن كثير، عماد الدين بن عمر القرشى الدمشقى، (1993)، طبقات الشافعيين، تحقيق: أحمد عمر هاشم، محمد زينهم محمد عزب، دون مكان، 1الناشر: مكتبة الثقافة الدينية.
ابن كثير، عماد الدين بن عمر القرشى الدمشقى، (1997)، البدايه والنهايه، تحقيق: عبدالله عبدالرحمن تركى، دون مكان، مركز بحوث والدراسات العربيه الاسلاميه بدارهجر.
ابن كنان، محمد بن عيسى، (1991)، حدائق الياسمين فى ذكر قوانين الخلفاء والسلاطين، تحقيق: عباس صباغ، بيروت، دار النفائس.
مسكويه، أبو على محمد بن أحمد بن يعقوب، (2000)، تجار الأمم وتعاقب الهم،تحقيق: ابو القاسم امامى، ط2، تهران، سروش.
المسعودى، أبو الحسن على بن الحسين بن على، (دون تاريخ)، التنبيه والإشراف، تحقيق: عبدالله إسماعيل الصاوى، القاهرة، دار الصاوى.
المسعودى، أبو الحسن على بن الحسين بن على، (2005)، مروج الذهب ومعادن الجوهر، تحقيق: محمد هاشم الغسان وعبدالمجيد طمعة، بيروت، دون مطبعة.
المقدسى، محمد بن أحمد، (1980)، أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، تحقيق : غازي طليمات، دمشق، وزارة الثقافة والارشاد القومى.
المقريزى، تقى الدين أحمد بن على، (1418)، الخطط المقريزى(كتاب المواعظ والاعتبار الخطط الاثار)، بيروت، دار الكتب العلمية.
المقريزى، تقى الدين أحمد بن على، (1997)، السلوك لمعرفه دول الملوك،تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، بيروت، دار الكتب العلميه.
المقريزى، تقى الدين أحمد بن على، (2002)، درر العقود الفريده فى تراجم الاعيان المفيده، تحقيق: محمود الجليلى، دون مكان، دار الغرب الاسلامى.
المنذرى، زكى الدين أبو محمد عبدالعظيم بن عبدالقوى، (1984)، التكملة لوفيات النقلية، تحقيق: بشار عواد معروف، ط3، بيروت، مؤسسة الرسالة.
ابن الوردى، عمر بن مظفر بن عمر بن محمد ابن ابى الفوارس، (1996)، تاريخ ابن الوردى، بيروت، دار الكتاب العلمية.
النعيمى، عبدالقادر بن محمد، (1973)، دور القران بدمشق، تحقيق: صلاح الدين المنجد، بيروت، دار الكتاب الجديد.
النعيمى، عبدالقادر بن محمد، (1990)، الدارس في تاريخ المدارس، تحقيق: إبراهيم شمس الدين، دون مكان، الناشر: دار الكتب العلمية.
ياقوت الحموى، شهاب الدين أبو عبدالله الرومى، (1995)، معجم البلدان، بيروت، دار صادر.

اليونيني، موسى بن محمد بن أحمد بن قطب الدين، (1960)، ذيل مراة الزمان، حدر أباد، الدكن، مطبعه دائره المعارف العثمانية.

حسن، قادر محمد، (2009)، إسهامات الكرد فى الحضارة الاسلامية(دراسه عن دور الكرد الحضرى فى مصر و بلاد الشام خلال عهد المماليک البحرية 648-784هجرى/1250-1382م)، أربيل، مطعة الحاج هاشم.

حسن، قادر محمد، (2011)، الامارات الكرديه فى العهد البويهى، أربيل، مطبعة رۆژهەلات.

حسين، حمدي عبدالمنعم محمد، (2000)، دراسات في تاريخ الايوبيين والمماليک، دار المعرفة، الاسكندرية

رسول، إسماعيل شكر، (2001)، الامارة الشداديه الكرديةفى بلاد ئاران، أربيل، مؤسسة موكريان.

الزركلى، خير الدين محمود محمد علي فارس، (2002)، الأعلام، ط15، دون مكان، الناشر: دار العلم للملايين.

زكى، محمد أمين، (1930)، خلاصه تاريخ الكرد كردستان، ترجمەک محمد على عونى، القاهره، دون مطبعة.

زكى، محمد أمين، (1930)، تاريخ الدول والامارات الكردية فى العهد الاسلامى، ترجمه: محمد على عونى، القاهره، مطبعة السعادة.

مير سليم إسماعيل محمد أمين، (دون تاريخ)، هدية العارفين أسماء المؤلفين وآثار المصنفين، بيروت، دار إحياء التراث العربى.

عاشور، سعيد عبدالفتاح، (1976)، العصر المماليكى فى مصر والشام، ط2، القاهرة، دار النهضة العربية.

على، محمد كرد، (1983)، خطط الشام، ط3، دمشق، الناشر: مكتبة النوري.

قادر، كامل أسود، (2014)، دور الكورد الحضارى فى مصر وبلاد الشام خلال عهد دولة المماليک الجركسة.

قتيبة الشهابى، (1999)، معجم دمشق التاريخى للأماكن والاحياء والمشيدات ومواقعها وتاريخها كما وردت فى نصوص المؤرخين، دمشق، منشورات وزارة الثقافة.

كى لسترنج، (1985)، بلدان الخلافة الشرقية، تعريب: بشير فرنسيس وكوركيس عواد، ط2، بيروت، مؤسسة الرسالة.

محمود، احمد عبدالعزيز، (2001)، الامارات الهذبانيه الكرديه فى أزربيجان وأربيل والجزيه الفراتيه من(293-656هجرى/905-1258ميلادى)، أربيل، مؤسسة موكريان.

العبادى، احمد مختار، (2010)، مێژوی ئەیوبی و مەملوكیەكان، وەرگێرانی: نهاد جلال، سلێمانی، چاپخانەی نارین.

موكريانى، حوسين حوزنى، (1962)، ديريكى پيش كەوتن، هەولير، دون مطبعة.

Minorsky.v.(1953)، studies in Caucasian history، London.

أبو دمعة، أمين، (1988)، الحياة الاقتصادية فى بلاد الشام فى العصر الايوبى، رسالة ماجستير مقدمة كليه الاداب والعلوم الانسانية –قسم التاريخ- جامعة دمشق.

كريم، الياس أحمد، (2008)، الدور السياسى والحضارى للهذبانيين فى مصر وبلاد الشام، رساله ماجستير، كليه الاداب -جامعة صلاح الدين، أربيل.

النقشبندى، حسام الدين على غالب، (1984)، أذربيجان، 420-654هجرى/1029-1256ميلادى، دراسه فى أحوالها السياسيه والحضارية، أطروحه دكتورا، كلية الاداب، جامعه بغداد.

حسین، حسین عبدالرحمن، (2017)، کۆچی کوردان بۆ وڵاتی شام و مصر لە سەدەکانی(٦_٧ک/١٢_١٣ز)(لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییە لە ڕەهەند و لێکەوتەکانی)، ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان-زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.

أبوبكر، أحمد عثمان، (1919)، الكرد فی كتابات المسلیمین الاوئل، مقال مستل من مجله كلیه الادب، بغداد، العدد(24).

مەهدی عثمان، (2019)، العز الضریر-عەزە کوێری ئەربیلی –نوسەیبی و ئیبنو ئەبیلهیجائی هەزبانی ئەربیلی-هەولێر پەیوەندی نێوان دو زانا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (v2n2).

(www.almajidcenter.org/.

## پەراوێزەکان

1-چیای سلق: السَّلَق: چیایەکی بەرزە دەڕوانێتە سەر ڕوباری زاب لە ناوچەی موصڵ، پەیوەستە ناوچەی شارەزور، بە (سلق بني الحسن بن الصبّاح بن عبّاد الهمداني) ناسراوە (یاقوت الحموی، 1995، ج3، 238)

2-مەمالیکەکان: ناوی مەمالیك لە مەملوکەوە سەرچاوەی گرتوە، کە مەبەست لێی ئەو تورکە کۆیلانەن، کە لەدوای فتوحاتی ئیسلامی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی هێنراون و لە بازاڕەکان کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە (بڕوانە: حسین، 2000، 153-156)

3-مەمالیکی دەریایی: لەناوی مەمالیکەکان(کۆیلەکان)ی مەلیك صالح نجم الدین ئەیوبەوە هاتوە، دوای ئەوەی بونە مەترسی مەلیك صالح بڕیاریدا بە دروستکردنی قەڵایەک لە دورگەی (الروضة) لە نزیك (المقیاس) و تیایدا نیشتەجێکردن بەتەواوی پێداویستیە سەربازییەکانەوە (بڕوانە: العبادی، 2010، 89-90).

4-العز الضـــریری: ناوی تەواوی (عزالدین حســـن بن محمد بن احمد الاربلی)، زانا و فەیلەســـوفێکی دیار بوە، لەســـاڵی (586ک/1190ز) لە گوندی ئەقســای ســەر بەشــاری نوســەیبین لەدایکبوە لە (مانگی ڕەبیعی کۆتایی 660ک/1261ز) لە دیمەشق مردوە (الیونینی، 1992، ج2، 166-169؛ هەروتی، (2019)، 73-74).

5-والی: پۆستێکی کارگێڕی بو، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ویلایەتێک بوە لە بەڕێوەبردندا و گوێڕایەڵی کردنی خەڵکەکەی لە ئەستۆ بوە (القلقشندی، دون تاریخ، ج1، 86).

6- الاشمونین: أشمون کە میسرییەکان پێیدەڵێن الاشمونین، شارێکی کۆنە و ناوچەیەکە لە (الصعید الادنی) لەڕۆژئاوای نیل (یاقوت الحموی، 1995، ج1، 200)

7- شد الدواوین: پایەیەکی کارگێڕی بو لە دەوڵەتی مەملوکیدا، ئەو کەسە هاوڕیی وەزیر و وتەبێژ بو لەپوختەکردنی دارایی دەوڵەت دا..هتد (القلقشندی، دون تاریخ، ج4، 23؛ حسن، 2009، 107).

8-کشـف الوجە البحری: لەڕۆژگاری مەمالیکەکاندا بەرپرسـیاریەتێکی گرنگ بو، بەوەی هەڵدەسـتا بە سـەرپەرشـتیکردن و چاودێری کردنی هەمو زەویەکانی الوجە البحری (القلقشندی، دون تاریخ، ج4، ص26؛ حسن، 2009، ص109).

9-دەزگای خەزانە (نظر الخزانة): بە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی دەوڵەت دادەنرێت، لەبەرئەوەی کۆگای هەڵگرتن و پاراسـتنی موڵك و ماڵی دەوڵەت بو، وەزیفەیەکی تایبەتیش بو، سەرەتا بچوک بو دواتر کرا بە کۆگای گەورە (العمری، 1423هــ ج4، 31).

10-الاخنائي (ئەخنائی): خێزانێکی دیاری ڕۆژگاری دەوڵەتی مەمالیکی دەریاین و ڕۆڵێکی دیاریان لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا کارگێڕیەکان و خزمەتکردن بەزانست گێراوە، سەلمێنراویشە کە سەر بەهۆزی گەورەی هەزبانین (ابن تغری بردی، دون تاریخ، ج11، 136؛ حسن، 2009، 118، هامش رقم(1).

11-قاضی القضاة: بە یەکێک لە شەش پۆستە دینیە دیارەکان دادەنرێت، کە هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی ئەحکامە شەرعیەکان و جڵەوگیری کردنی سەرپێچیکاران (القلقشندی، دون تاریخ، ج3، 577).

12-محتسب: بەرپرسی کێش و پێوانە بو، کە لەلایەن فەرمانرەوای شار ڕادەسپێردرا بۆ فەرمان بە چاکە و نەهی لەخراپە و ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، ڕێگریکردن لە کەسانی خراپەکار و لەڕێ لادەر (القلقشندی، دون تاریخ، ج4، 38).

13-العادلیة الکبری: ئەم قوتابخانەیە لە دیمەشق لە باکوری (الجامع) لە ڕۆژئاوا و لە ڕۆژهەلاتی (الخانفاه الشهابیة)، یەکەمجار لەلایەن نورەدین محمود زەنگی دروستکرا، پاشان بەشێکی لەلایەن مەلیک عادل سیف الدین بنیاتنرا (النعیمی، 1990، ج1، 271).

14-البرانیة: بە یەکێک لە خوێندنگا گەورەکان دادەنرێت، کە لە شام لەلایەن خاتو ست شام کچی نەجمەدین ئەیوب دروست کراوە، بۆ زانیاری بڕوانە: (النعیمی، 1990، ج1، 208).

15-مۆڵەتی زانستی: شێوازێکی باوی سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی نوێش بو لە جیهانی ئیسلامیدا، کە فێرخواز لەلای مامۆستایەکی ئایینی یان زیاتر دەیخوێند، دوای تەواوکردنی ئەرکەکەی لە کۆتایی دا مۆڵەتی زانستی پێدەدرا (توێژەر).

16-أمیر المؤمنین معتضد داود: ناوی تەواوی (داود بن محمد بن أبوبکر)ە، خەلیفەی عەباسی بو لە قاهیرە، لەساڵی (782ک/1380ز) لەدایکبوە، لەساڵی (845ک/1441ز) مردوە (السخاوی، دون تاریخ، ج3، 215).

17-المستنجد یوسف: ناوی (یوسف بن محمد بن ابوبکر)، لەدوای مردنی براکەی پایەی خەلیفەی لە قاهیرە پێدراوە لەساڵی (859ک/1454ز)، لەساڵی (884ک/1479ز) مردوە (السخاوی، دون تاریخ، ج10، 329).

18-الصدر المناوی: ناوی تەواو (صدر الدین أبو المعالی محمد بن ابراهیم بن اسحق)، ناسراو بە الصدر المناوی، دادوەری شافعی بوە، زانایەکی پایەبەرز بوە، لەساڵی (803ک/1400ز) مردوە (المقریزی، 1997، ج6، 69).

12-الممالیک الجراکسة: نەژادیان لە ڕەگەزی قوقازیە، نیشتیمانیان لەبنەڕەتدا بلاد الکرج (جۆرجیای ئێستایە)، لەنێوان باکوری دەریای قەزوێن و ڕۆژهەلاتی دەریای ڕەش، هەروەها ناسراون بە مەمالیکی (البرجیة)، ئەوانە کۆمەڵێک بون تەنها چەرکەسی بون کە سوڵتان قەلاون لە قەڵادا نیشتەجێیکردن و بە بورجیە ناسران (القلقشندی، دون تاریخ، ج4، 456؛ المقریزی، 1418هـ ج3، 420-421؛ عاشور، 1976، 141).

20-نیابة غزة: نیابة غزة: یەکێک بوە لە نوێنەرایەتیەکانی کەنارەکانی بیابانی ڕۆژئاوا لە دیمەشق (القلقشندی، دون تاریخ، ج4، 204-205؛ قادر، 2014، 37، هامش رقم(4).

21- الرحبة: شارێکی گەورەیە لە هەرێمی جزیرە، بەرەو بیابانی طیلسان، قەڵاو گردێکی هەیە (المقدسی، 1980، 215؛ کی لسترنج، 1985، 137).

22- صهیون: قەڵایەک بو لە حمص لە باشوری ڕۆژهەلاتی لازقیە (یاقوت الحموی، 1995، ج3، 436).

23- البهنسا: شارێکە لە میسر لە ناوچەی صعیدی خوارو لە ڕۆژئاوای نیل (یاقوت الحموی، 1995، ج1، 516).

24-صفد: شارێکە لە چیای (عاملة المطلة) لە حمص لە شام، ئەوە چیای لبنانە (یاقوت الحموی، 1995، ج3، 412).

25-منوفیة: لەگوندەکۆنەکانی میسرە (بڕوانە: یاقوت الحموی، 1995، ج5، 216).

26- میر اخور: میرێکە سەرپەرشتی تەویلەخانەی سوڵتان و شازادەکانە، کە لەم تەویلەیەدا (ئەسپ و وشتر و ئاژەڵی دیکە) بەخێو کراون و بۆ خزمەتی گەورەکانیان بەکارهێنراون (القلقشندی، دون تاریخ، ج5، 433).

27- دار الحدیث الاشـــرفیة: لەتەنیشـــت دەرگای ڕۆژهەڵاتی قەڵا و ڕۆژئاوای عەصـــرونیە و باکوری قەیمازیەی حەنەفییە، لەسەرتاداماڵی میر (صارم الدین قایماز) بوە، پاشان لەلایەن (الملک الاشرف مظفر الدین موسی بن العادل) کڕدراوە و (دار الحدیث)ی لەسەر دروستکردوە و کردویەتی بە شوێنی ئەو شێخەی وانەی تێدا گوتۆتەوە (النعیمی، 1990، 7، 15)